# پەروەردەی سەردەم

## گرفتەکانی و ڕێگەی گەیشتن

## بە کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو

نەرمین عوسمان

٢٠٢٤

# پەروەردەی سەردەم

## گرفتەکانی و ڕێگەی گەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو


نووسەر: نەرمین عوسمان

بابەت: پەروەردەیی

دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئومێد محەمەد

هەڵەچن: هێرش حەمەسەلیم

نۆبەتی چاپ: ٢٠٢٤

تیراژ: ١٠٠٠ دانە

نرخ: ٣٠٠٠ دینار

چاپ: چاپخانەی کارۆ- سلێمانی

لە بەڕێوەبەرێتی گشتیی کتێبخانەکان

ژمارەی سپاردنی (          )ی ساڵی ٢٠٢٤ پێدراوە

NARIN INSTITUTE
for research and publishing

لە بڵاوکراوەکانی ئینستتیوتی نارین

بۆ توێژینەوە و بڵاوکردنەوە

ژمارە (٤٧)

# پەروەردەی سەردەم

## گرفتەکانی و ڕێگەی گەیشتن

## بە کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو

نەرمین عوسمان

٢٠٢٤

NARIN INSTITUTE
for research and publishing

# ئینستتیوتی نارین

ئینســتتیوتێکی کوردســتانی، توێژینەوەیی قازانج نەویســتە. کاری سەرەکیی ئەنجامدانی توێژینەوە و بەدواداچوونی پرسە هەنووکەیی و نیشــتمانییە گرنگەکانــە. هەروەهــا چاپ و بڵاوکردنــەوەی توێژینەوەکان و ســازکردنی کۆڕ و ســمینار و کردنەوەی خولی زانســتی لەو بوارانەی کۆمەڵگەی کوردستانی پێویستی پێیەتی.

ئینســتتیوتی نارین ســاڵی ٢٠١٣ لە شاری سلێمانی دامەزرێنراوە.

# پێڕست


بەرچاوڕوونییەک........................................................ ١١

**دەروازەی یەکەم: سەرەتایەکی مێژوویی**

مێژووی نووسین........................................................ ١٤
یەکەم خوێندنگە لە مێژوودا........................................................ ١٩

**دەروازەی دووەم: پەروەردە (چەمک، فەلسەفە، تیۆری)**

پەروەردە........................................................ ٢٤
چەمکی پەروەردە........................................................ ٢٤
پایدیا........................................................ ٢٥
ئەندراگۆژیا........................................................ ٢٦
ئەندراگۆژیا و پێداگۆژیا........................................................ ٢٧
فەلسەفەی پەروەردە........................................................ ٢٩
فەلسەفەی پەروەردەی نموونەیی........................................................ ٣٢
فەلسەفەی واقیعی........................................................ ٣٢
فەلسەفەی ئایین........................................................ ٣٣
فەلسەفەی پەروەردەی ئیسلامی........................................................ ٣٤
فەلسەفەی مارکسی و پەروەردە........................................................ ٣٤
فەلسەفەی خۆڕسکی بۆ تیۆری پەروەردە........................................................ ٣٥
فەلسەفەی قۆناغی گەشەکردن........................................................ ٣٦
ڕەوتی سروشتی........................................................ ٣٧
ڕەوتی پراگماتی........................................................ ٣٨
تیۆری کارلێکگەرایی........................................................ ٣٩
تیۆری ئەزموونگەرایی........................................................ ٣٩
تیۆرییەکانی پەروەردە........................................................ ٣٩

**دەروازەی سێیەم:**

**پەروەردەی شێوازی کۆن**

**پەروەردەی سەردەم**

پەروەردە لە سەردەمانی کۆن........................................٤٢
پەروەردەی سەردەم..................................................٤٥
پەروەردەی سەردەم، سزا بەبێ توندوتیژی........................٤٧
ڕۆڵی مامۆستا لە پەروەردەی سەردەمدا..............................٤٨
ئەرکەکانی مامۆستا و پەروەردەکاران................................٥٠
خەسڵەتەکانی مامۆستای سەرکەوتوو.................................٥٢
پرۆگرام و بابەتی خوێندن..............................................٥٥
بابەتەکانی خوێندن.......................................................٥٥
چەمکی سەردەمییانەی بابەتی خوێندن...............................٥٧
چەند هەنگاوێک بەرەو پەروەردەی سەردەم..........................٥٩
خوێندنگە..................................................................٦٠
بەڕێوەبەری خوێندنگە...................................................٦٣
ڕۆڵی دایک و باوک لە پەروەردەکردنی منداڵدا......................٦٧
قۆناغی باخچەی ساوایان...............................................٧٦
ئەرکەکانی پەروەردەکاران لە باخچەی ساوایاندا...................٧٨

**دەروازەی چوارەم:**

**چەند بابەتێکی گرنگی پەروەردەیی**

نەهێشتنی نەخوێندەواری...............................................٨٤
چەمکی نەهێشتنی نەخوێندەواری......................................٨٤

گرنگیی نەهێشتنی نەخوێندەواری.......................................٨٦
ئامانجەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری و فێرکردنی گەورەساڵ.......................................................٨٦
هەندێک مەرجی سەرەکی هەن بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی نەهێشتنی نەخوێندەواری.....................................................٨٧
پەروەردەی خوێندکاری خاوەن پێداویستیی تایبەت............٩٢
جۆرەکانی خاوەن پێداویستیی تایبەت..................................٩٢
پەروەردەی تایبەت (Special Edyction).........................٩٢
ئامانجەکانی پەروەردەی تایبەت..........................................٩٣
جیاوازییەکانی نێوان پەروەردەی تایبەت...........................٩٤
مێژووی سەرهەڵدانی پەروەردەی تایبەت............................٩٤
بەرنامەکانی پەروەردەی تایبەت..........................................٩٥
ئامادەییە پیشەییەکان.........................................................١٠٣
لایەنە ئەرێنییەکانی ئامادەییە پیشەییەکان............................١٠٥
لایەنە نەرێنییەکانی ئامادەییە پیشەییەکان............................١٠٦
کەموکورییەکانی ئامادەییە پیشەییەکان..............................١٠٦

## دەروازەی پێنجەم

## راپۆرتی رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی بواری پەروەردە

راپۆرتی بانکی نێودەوڵەتی....................................................١١٠
راپۆرتی (UNDP)...............................................................١١١
راپۆرتی یونسکۆ...............................................................١١١
داڤۆس و پەروەردەی عیراق..................................................١١٣
جیاوازیی ئاستی کەرتی پەروەردە.........................................١١٣
ئەو وڵاتانەی بە باشترین سیستمی خوێندن دانراون بۆ ساڵی ٢٠٢٠....١١٥

## بەرچاوڕوونییەك

نووسین و قسەکردن لەبارەی پەروەردە، سیستم و ئاڵنگارییەکانی بەردەمی، هەروەها پەروەردەی سەردەم، بەلای منەوە زۆر گرنگە، بەتایبەت کە دەبینین هەرێمی کوردستان لەو رووەوە کەموکوڕی و گرفتی زۆری هەیە، هەرنا بۆ ئەوەش بێت ببێتە بەرچاوڕوونییەک بۆ ئەو کەسانەی لەو بوارە کاردەکەن یان مەبەستیانە گرنگی بە پەروەردەی منداڵ و نەوەکانیان بدەن.

ئەم کتێبە تێکەڵەیەک لە خوێندنەوە و ئەزموون لە کەرتی پەروەردەدا، هەروەک بۆ من ئیشکردن لەسەر بنیاتنانی پەروەردەیەکی تەندروست و سەردەمیانە کارێکی گرنگە، بڕوام وایە چەند خۆمانی لەگەڵ ماندووبکەین، ئەوا بەرهەمی باشترمان دەبێت و داهاتووی کۆمەڵگەی کوردی پرشنگدارتر دەبێت.

ئەگەر لەسەر ئەوە کۆکین کەرتی پەروەردە کەموکوڕی زۆری هەیە و چارەسەرکردنی پێویستە، ئەوا کارکردنی جدی لەسەریشی دەبێتە ئەرکێکی پەروەردەیی لەسەر شانی هەموو لایەک بەتایبەت بۆ ئەو کەسانەی دەتوانن وردتر قسە و کاری لەسەر بکەن.

ئەم کتێبە زنجیرە نووسینێکە لەسەر چەمکی پەروەردە، فەلسەفەی پەروەردە لە هەموو رووەکانییەوە، هەروەها تیۆرەکانی

پـــــەروەردە و ئـامـانـجـەکـانـی نـەهێشتنی نـەخـوێـنـدەواری و زۆر بـــواری دیـکـەش. لەگەڵ ئەوەشدا قسە لەسەر پـەروەردەی تایبەت و جۆرەکانی، ئامادەییە پیشەییەکان، پـەروەردەی سـەردەم و لایەن باشەکانی و گرفتەکانی بەردەم جێبەجێکردنیشی کراون.

هەوڵمداوە زمانی نووسینی کتێبەکە دووربێت لە قورسی و گرێوگۆڵ، بەڵکو بەشێوەیەک بێت ئەوەی بیخوێنێتەوە لێی تێبگات و بتوانێت بۆ ژیانی رۆژانە و پەروەردەیی ئاسان بیکاتە کردار، لەگەڵ ئەوەشدا دەکـرێ لـەسـەر هـەر یەکێک لـەو چەمکانەی نێو کتێبەکە وردتر و زیاتر قسە بکرێت یان ببێتە جێگەی گفتوگۆی بنیاتنەرانە.

ئامانجی من لە نووسینی کتێبەکە بۆ سوودی کـەرتـی پـەروەردەیـە لـە هـەرێـمـی کـوردسـتـان، بـۆ خـوێـنـدکـاران و مـامـۆسـتـایـان و خێزانەکانی کۆمەڵگەکەمان کە پێموایە شایانی ئەوەن خزمەتی زۆر بکرێن، هیوادارم لە هەر کەموکوڕییەک بمبورن.

**لەگەڵ رێز و سوپاسی زۆر**

**نەرمین عوسمان**

## دەروازەی یەکەم

# سەرەتایەکی مێژوویی

## مێژووی نووسین

داهێنانی نووسین و شێوازەکانی، وەرچەرخانێکی مێژوویی گەورەیە لە ژیان مرۆڤایەتیدا. لەگەڵ گەشەکردنی ژیانی سەرەتایی مرۆڤ و دروستبوونی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی، مرۆڤی ئەو سەردەمانە هەستیان کردووە پێویستیان بە شێوازێکە کە باشتر بێت لە دەربڕینی دەنگی بەرز و نزمی بێ وشە، بۆ ئەوەی لە یەکتری تێبگەن، بەرەو زمانی سادە ڕۆیشتن و زمانە سادەکان پەیدا بوون. دواتر لە نێوان شارستانییەتەکان و کۆمەڵگەکاندا زمانی جۆراوجۆر و جیاواز پەیدا بوون. دوای پەیدابوونی زمان، بە مەبەستی پارێزگاری لە بەرهەمە فکرییەکان و پاراستنی میراتی کولتووری و ڕۆشنبیری و زانستی، نووسین پەیدا بوو.

مرۆڤایەتی پەیدا نەدەبوو بە مانای ئەم سەردەمە ئەگەر وشە و نووسین نەبوایە، تەنیا بە دەربڕین و ئاخافتن، قۆناغەکانی تەواو نەدەکرد ئەگەر ئەم واژە و گوتارانە تۆمار نەکرانایە و نەبوونایە بە دەستەواژە و دەربڕینی ویستەکان.

هەرچەندە ئەستەمە بەتەواوی مێژووی سەرەتای دەستپێکردنی نووسین دیاری بکەین، بەڵام بەپێی ئەو زانیارییانەی تا ئێستا لەبەر دەستدان و دۆزراونەتەوە، پێنج هەزار ساڵ پێش زایین مرۆڤ نووسینی داهێناوە، کە بەپێی بەڵگەکان لە ناوچەی میزۆپۆتامیا سەری هەڵداوە. بەهۆی ئەوەی بۆ یەکەم جار لەم ناوچەیە

کشتوکاڵ کراوە، رووبەری پێکەوەژیان فراوان بووە و کۆمەڵگەی نیشتەجێبوونی لێ دروست بووە، دواتریش یەکەم شارستانیەتی مرۆڤ پەیدا بووە. شارستانیەت لەم ناوچەیە لە رووی کشتوکاڵی، بازرگانی، دۆزینەوەی گالیسکەی چەرخدار و بەلەمی چارۆگەدار... پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە، هەر بۆیە زمان و نووسین بووتە ئامرازێک بۆ لێکتێگەیشتن و گفتوگۆ لە نێوان کەسەکان و چینە جیاوازەکانی نێو شارستانیەتەکە و ناوچە جیاوازەکان، کەواتە پێشکەوتن و گۆڕانی رەوتی ژیان، هۆکارێکی گرنگ بوون بۆ پەیدابوونی نووسین بۆ رێکخستنی کاروباری رۆژانە.

یەکەم جۆری نووسین، بە شێوازی وێنەیی بووە، دواتر نووسین لە شێوازی وێنەییەوە بۆ نووسینی مێخی گۆڕاوە و پێشکەوتنی بەخۆوە بینیوە.

نووسینی مێخی (بزماری)، سێ هەزار ساڵ پێش زایین سەری هەڵداوە. نووسین پێویستی بە ناوەندێک هەیە بۆ مانەوەی و گواستنەوەی، ئەو ناوەندەش سەرەتا تابلۆ قوڕینەکان بووە. نووسینی شێوازی مێخی، لەسەر قوڕی تەڕ دەنووسرا بە پێنووسی دەم باریک و لەبەر هەتاو یاخود لەناو ئاگر وشک دەکرایەوە. دواتر لەسەر بەرد و مۆم و کانزا و پێستی ئاژەڵ دەنووسرا، ئەم شێوازانە لەلایەن گەلانی کۆنی رۆژئاوای ئاسیا بەکاردەهات.

**هەندێک لە نووسینە سەرەتایی و کۆنەکان بەکورتی:**

- **نووسینی مێخی** (**بزماری**): لە ساڵی ٢٤٠٠ی پێش زایینەوە، نووسینی مێخی لەلایەن ئاشووری، بابلی، ئەکەدییەکان و چەند گەلێکی تری ناوچەکانی دەوروبەرەوە تا سەدەی یەکەمی زایینی بەکار هاتووە.

پاشا ئاشووربانیپاڵ (٦٦٨ – ٦٣١) پ.ز، لە هەموو پاشاکانی ئاشوورییەکان رۆشنبیرتر بووە، لە سەرتاسەری فەرمانڕەواییەکەیدا هەموو نووسینەکانی سەر تاتەقوڕینەکانی کۆ کردەوە و لە کتێبخانەی نەینەوا داینان، کە بە یەکەم و گەورەترین کتێبخانەی سەردەمی کۆن ئەژمار دەکرێت.

لە ئێستادا ١٣٠ هەزار تابلۆی قوڕینی ناوچەی میزۆپۆتامیا لە مۆزەخانەی بەریتانیادایە.

**نووسینی هیرۆگلیفی**: هیرۆگلیف (Hieroglyph)، وشەیەکی یۆنانییە بە مانای (هێما رۆحانییەکان، یان هەڵکۆڵراوی پیرۆز) دێت، لە ساڵی ٣٤٠٠ی پێش زایین، میسرییە کۆنەکان ئەو شێوازەی نووسینیان داهێناوە. نووسینی هیرۆگلیفی، شێوەی شێوەکاریی سروشتی میسری وەرگرتووە، وەک باڵندە و ئاژەڵ و ئەندامەکانی مرۆڤ لەگەڵ هەندێک ئامێری سەرەتایی.

- **پیتی ئۆگاریتی**: لە (٣٠) پیت پێک هاتووە، ١٥٠٠ ساڵ پێش زایین بۆ نووسین و بەڕێوەبردنی بازرگانی و ژیانی شارستانیەتی ئەو سەردەمە بەکار هاتووە. هەر

ئەم شێوە نووسینەیە کە بووە بە پیتی ئەلفبێ و بۆ زمانی سامییەکان بەکار هاتووە.

- **پیتی فینیقی** (**کەنعانی**): لە ٢٢ پیت پێک هاتووە، ١٢٠٠ ساڵ پێش زایین لە سەدەی زێڕینی کەنعان سەری هەڵداوە و بووە بە بنەمای ئەلفبێی ڕۆژئاوایی.

- **نووسینی کیپو**: گەلی ئینکا لە مەکسیک سیستمێکی نووسینیان هەبووە کە پێی وتراوە کیپو. ئینکاکان بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و هەڵگرتنی تۆمار، چاودێریکردنی باجدان، کۆکردنەوەی تۆماری سەرژمێری، زانیاری ساڵنامەیی و بۆ ڕێکخستنی کاروباری سەربازی بەکاریان هێناوە. هەروەها شارستانیەتی ئازتێک لە ناوچەکانی ئەمەریکای ناوەڕاست و مەکسیک، شێوازی وێنەییان بۆ نووسین بەکار هێناوە، بە کێشان یان نەخشاندنی وێنە بۆ گوزارش لە پیتەکان یان وێنەی بچووک کە هێما بوون بۆ شت و بزووێنەکانی دەنگەکان نووسراون.

- **پیتی تیفیناگ**: جۆرێکە لە پیتە ئەبجەدییەکان لە باکووری ئەفریقا بڵاو بووە و لەلایەن تەواریق و ئەمازیغییەکانەوە بەکار هاتووە. بەهۆی نەبوونی بەڵگەی تەواوەوە، مەزەندە دەکرێت سەرهەڵدانی ئەم جۆرە نووسینە بگەڕێتەوە بۆ سەدەی پێنجەم تاوەکوو سەدەی پازدەهەم.

نووسین پێگەیەکی گرنگی لە کۆمەڵگەدا هەبووە، تا ڕادەیەک گەڕاندوویانەتەوە بۆ کردەیەکی خودایی.

بۆ فێربوونی نووسینە سەرەتاییەکانی وەک وێنەیی و بڕگەیی، چەندین ساڵی بەردەوامی بۆ فێربوون ویستووە، بۆیە تەنیا کەمینەیەک لە کارمەندانی کۆشک و پەرستگەکان توانیویانە فێریان بن، بەڵام دوای داهێنانی سیستمی پیتەکانی ئەلفبێ لە ناوەڕاستی سەدەی دووەمی پێش زایین، بوارەکە گۆڕاوە، ئەو سیستمە لە قورسترین حاڵەتدا لە ٤٠ پیت تێپەڕی نەکردووە و فێربوونی ئاسان بووە و هەموو مرۆڤێک توانای فێربوونی هەبووە.

# یەکەم خوێندنگە
# لە مێژوودا

شارستانیەتی کۆنی میزۆپۆتامیا کە بە کۆنترین ناوچەی شارستانیەت لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ئەژمار دەکرێت، تەنیا خانووبەرە و باڵەخانە و دامەزراوە خزمەتگوزارییەکان و پەرستگەکان نەبووە، بەڵکوو چەندین داهێنانی شارستانیانەی تری تێدا بووە، لەوانە: داهێنانی نووسین.

بەپێی ئەو ئاسەوارانەی لە چەندین ناوچەی وڵاتی کۆنی میزۆپۆتامیا دۆزراونەتەوە، ئەو شارستانیەتە خاوەنی دامەزراوەی فێربوون و خوێندن بووە. ئەو دامەزراوە فێرکارییانە، بە زمانی سۆمەری پێیان وتراوە "dub-ba-a-E٢"، واتە "ماڵی نووسین" یاخود "ماڵی تابلۆ قوڕینەکان". (E٢) واتە ماڵ، یان پەرستگە، (dub-ba-a – دوب - با - ئا)ش، شارەزایانی نووسینی مێخی دەڵێن مانای "نووسین" یاخود "تابلۆ قوڕینەکان" دەبەخشێت. دامەزراوەی (ئی دوو دووبائا)، بە یەکەم دامەزراوە ئەژمار دەکرێت لە جیهاندا، کە ئەمڕۆ پێیان دەوترێت "خوێندنگە". لەو شوێنەدا گەنجانیان فێری نووسین کردووە و مێژووەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی هەزارەی سێیەمی پێش زایین.

ئەم زانیارییانە، لە نووسینە مێخییەکانی سەر تابلۆ قوڕینەکانەوە بەدەست هاتوون، کە مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی بابلیی کۆن لە نزیکەی (٢٠٠٠ – ١٦٠٠)ی پ. ز. تابلۆ قوڕینەکانیش

که دۆزراونەتەوە لەناو شوێنەکانی دامەزراوەی (ئی دوو دوبائا) و لە نزیک یەک بوون.

**دامەزراوەکان دوو ئەرکیان هەبووە:**

**یەکەم:** شوێنی ڕاهێنانی نووسین بوون بۆ ئەوەی خەڵکی نووسەر دروست بکەن.

**دووەم:** تۆمارکردنی کاروباری ژیانی ڕۆژانەی خەڵکی شار.

**ئەم دامەزراوانە بە دوو قۆناغ کاریان کردووە:**

**یەکەم:** قۆناغی سەرەتایی، خوێندکاریان فێری سیستمی نووسینی مێخی و وشەی سۆمەری کردووە و چۆن ڕستە دادەڕێژن، لەژێر چاودێریی مامۆستادا بوون.

**دووەم:** قۆناغی پێشکەوتوو، لەم قۆناغەدا خوێندکار ئازاد بووە و مامۆستا ئامادە نەبووە، کاریان لەناو باڵەخانە و پەرستگەکاندا کردووە. خوێندکارەکانی (ئی دوو دووبائا) لە منداڵییەوە دەستیان بە خوێندن کردووە و زۆربەشیان کوڕ بوون، بەڵام نووسەری ژنیش هەبوون.

لە شارستانیەتی میزۆپۆتامیا، شاعیریشیان تێدا هەڵکەوتووە و یەکەم شاعیر لە مێژووی مرۆڤایەتیدا (ئینخیدوانا) بووە، کە ژن بووە و کچی ئیمپراتۆر (سەرجۆنی ئەکەدی) و خوشکی ئیمپراتۆر (ریموش)

و پووری (نەرامسین)ی پاشای ئەکەدییەکان بووە، هەر ئەویش یەکەم کەس بووە لە مێژوودا کە (واژۆ)ی کردبێت و بە داهێنەری واژۆ ئەژمار دەکرێت.

ئەم دامەزراوانە، هەمان شێوەی خوێندنگەی ئێستایان هەبووە، خوێندکار لە بەیانیاندا ماڵی جێ هێشتووە و چووەتە بەر خوێندن. لە تابلۆ قوڕینە دۆزراوەکاندا دەرکەوتووە کە سزا هەبووە بۆ ئەو خوێندکارانەی قسەیان زۆر کردووە، یان لە کاتی نەگونجاو چوونەتە دەرەوە، یاخود خەتیان جوان نەبووە....

یەکێک لەو نووسینانەی ماونەتەوە، باس لەوە دەکات کە سزایەک بەسەر خوێندکارێکدا دراوە، حەوت جار لە یەک ڕۆژدا لێی دراوە و لە کۆتایی خوێندندا گەڕاوەتەوە ماڵی خۆیان.

# دەروازەی دووەم

# پەروەردە

# (چەمك، فەلسەفە، تیۆری)

## پەروەردە

پەروەردە؛ زانستە، کۆمەڵێک چەمک و بنەما لەخۆ دەگرێت. چەمکی پەروەردە و فێرکاری، دوو وشەی دووانەیین و بەیەکەوەن و جیاکردنەوەیان ئەستەمە، گشتگیر و تایبەتن. زانست و فێرکاری، جەستن و پەروەردە رۆحی ئەو جەستەیەیە. فێرکردن، بەشێکە لە پەروەردە. پەروەردە، گشتگیرە، ئەستەمە بە وشەیەک جیابکرێنەوە، جیاوازیی نێوانیان زۆر روون نییە، زۆر کەس و پەروەردەکار تێکەڵیان دەکەن، بەڵام هەریەکەیان پێناسە و بابەتی تایبەت بە خۆی هەیە و بایەخی بۆ تاک، کۆمەڵ، کۆمەڵگە و دەوڵەت بەگشتی هەیە.

## چەمکی پەروەردە

چەمکێکی گشتگیرە، فێرکردنی منداڵ دەگرێتە ئەستۆ، ئامانجی سەرەکی گەشەپێدانی لایەنە جیاوازەکان و تواناکانی تاکە بۆ ئەوەی ببێتە مرۆڤێکی سوودبەخش بۆ خۆی و بۆ کۆمەڵگە، لە هەمان کاتدا ببێتە کەسێکی خاوەن ئەزموون و بەتوانا و کاریگەر. هەوڵ دەدات تاک بگۆڕێت بۆ کەسایەتییەک بتوانێت ژیانێکی شایستەی هەبێت.

چەند چەمکێکی گرنگ لە بواری پەروەردە و فێرکاریدا باسیان لێ دەکرێت، گرنگە پەروەردەکاران شارەزایی و بەرچاوڕوونییان دەربارەیان هەبێت، لەو چەمکانە:

**پایدیا**

پایدیا، چەمکێکی یۆنانییە، بە مانای فەلسەفەی پەروەردە، بۆ خوێندن و فێرکردنێکی نموونەیی بەکار هاتووە، بەو مانایەی مرۆڤ دەکات بە مرۆڤێکی شارستانی و لە مرۆڤە سەرەتاییەکان جیای دەکاتەوە.

یۆنانییە کۆنەکان پەیڕەویان کردووە، بەشێوەیەکی بنەڕەتی بایەخ بە مەعریفەی هونەری و مۆراڵیی دەدات، هەروەها بۆ راهێنانی تاک (نێرینە) لەپێناو بنیاتنانی کەسایەتییەکی وا کە بتوانێت ئەرکە شارستانییەکانی بەئەنجام بگەیەنێت. بەشێوەیەکی گشتی، پایدیا، سیستمێکی قووڵ و فرەڕەهەندە، هەموو جۆرە زانستێکی ئەو سەردەمەی لەخۆ گرتووە، لەوانە: ئەندازیاری، جمناستیک، رەوانبێژی، فەلسەفە و ماتماتیک... کە بە کۆڵەکەی سەرەکیی دادەنران بۆ ئەوەی خوێندکار فێر بکرێن و پەروەردە بکرێن.

رەوانبێژی و شیکاریی بۆ تاک بەلایانەوە گرنگ بووە، چونکە بەهۆیانەوە لەو شوێنانەی گفتوگۆ لەسەر

پرسی گرنگ دروست دەبێت، تاک دەتوانێت باوەڕی لایەنی بەرانبەر بەدەست بهێنێت. ماتماتیکیش مرۆڤ دەکات بە کەسێکی واقیعی و بابەتی، جومبازیش بۆ خوێندکار گرنگە، چونکە توانای هونەری شەڕکردنی بەرزدەکاتەوە.

### ئەندراگۆژیا

لەگەڵ پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆژیا، هەندێک چەمکی جیاواز بۆ پێناسەکردنی زانستی پەروەردە بەکار دەهێنرێت، وەک: ئەندراگۆژیا. ئەم چەمکە، دوو سەدەیە بەکار دەهێنرێت، بەتایبەتییش لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و بەریتانیا، کە بە مانای هونەر و زانستی فێرکردنی گەورەکان و مانای شێواز و پلان و ستراتیژەکان و بایەخی فێرکردنی گەورەکانە. پشت بە پێنج بنەما دەبەستێت، بنەماکانی فێرکردنی گەورە: پێویستیی فێرکردن، ڕێکارەکان بەرەو فێربوون، بوونی شارەزایی لەلایەن کەسانی گەورە، پەیوەندی فێربوونی سەردەمییانە بە رادەی ڕێژەیی و وەبەرهێنان و ئەنجامدانی، فێربوون بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکان، فێربوونی جۆرێک لە کار.

## ئەندراگۆژیا و پێداگۆژیا

ئەو دوو چەمکە، لە سەردەمی یۆنانی کۆندا بەکار هاتوون، بەڵام بۆ شتی تر بەکار هێنراون، ئەندراگۆژیا لە دوو بڕگە پێک هاتووە: "ئەندرێ" لە زمانی یۆنانیدا بە واتای "گەورەساڵان"، پێداگۆژیاش بە هەمان شێوە لە دوو بڕگە پێک هاتووە: "پێد" بە واتای "منداڵ" و ئاگۆژیاش بە واتای "فێرکردن".

بەپێی تێڕوانینی (مالکۆلم نۆلز)ی پەروەردەکاری گەورەساڵان و مامۆستای زانکۆ، جیاوازیی نێوان ئەو دوو شێوازە، بەو شێوەیەیە کە لە خوارەوە بە خشتەیەک ئاماژەی پێ دەکەین، هەرچەندە دواتر بۆچوونی گۆڕا لەوەی کە شێوازی ئەندراگۆژیا تەنیا بۆ گەورەساڵان پیادە بکرێت و دەیوت: پێداگۆژیا و ئەندراگۆژیا نوێنەرایەتی زنجیرەیەکی یەک بەدوای یەکی فێربوون لە ڕێگەی ئاراستەکردن و ڕێنمایی مامۆستا و خودفێربوونی خوێندکارانەوە دەکەن، هەروەها دەتوانرێت هەردوو شێوازەکە بۆ گەورەکان بەکاربهێنرێت، بە هەمان شێوە بۆ منداڵانیش بەپێی بارودۆخەکانیان.

| خەسڵەت | پێداگۆژیا | ئەندراگۆژیا |
|---|---|---|
| فێرخواز | شوێنکەوتەی مامۆستایە، مامۆستا دیاری دەکات کە بابەتەکە چی بێت و کەی و چۆن وەردەگیرێت، پاش فێرکردن تاقی دەکرێتەوە. | بەرەو سەربەخۆیی ئاراستە دەکرێت، ئەرکی مامۆستا پشتگیری و هاندانە. |
| ئەزموونی فێرخواز | ئەزموونی کەمە، هەر بۆیە شێوازی فێرکردن ڕێنماییکارانەیە. | ئەزموونی هەیە و سەرچاوەیەکی باشە بۆ فێربوون، لەبەر ئەوە شێوازەکانی وانەوتنەوە مشتومڕئامێزە. |
| ئامادەیی بۆ فێربوون | فێری ئەوە دەبن کە کۆمەڵگە چاوەڕێیان لێ دەکات فێری ببن، هەر بۆیە مەنهەجەکان ستانداردن. | فێر دەبن کە چی پێویستە، بۆیە زۆربەی بەرنامە پەروەردەییەکان سەبارەت بە ژیانی کردارییە. |
| ئاراستەکانی فێربوون | بۆ بەدەستهێنانی کرۆکی بابەتەکانە. مەنهەجەکان بەسەر بابەتەکاندا دابەش کراون. | فێربوونی پسپۆڕیی دەبێت لەسەر بنەمای تاقیکردنەوە بێت، فێرخوازان گرنگی بە لایەنی کرداریی بابەتەکان دەدەن. |

# فەلسەفەی
# پەروەردە

بوارێکی ئەکادیمییە و باس لە فێرکردن و کێشەکانی دەکات، بابەتی سەرەکیشی، خوێندن و شێوازەکانیەتی. شێوازەکانیشی شێوازی فەلسەفە و تیۆرییەکانە بەسوودوەرگرتن لە بواری میتافیزیکی، مادیی، تیۆری مەعریفی، بەهاکان، چارەسەری پرسەکانی شێوازەکانی خوێندنی (کۆن، سەردەم)، سیاسەتی خوێندن و جۆری بابەتەکانی خوێندن، شێوازی وتنەوەی وانەکان... بەکورتی؛ دیدێکی گشتگیرە بۆ پەروەردە و چۆنیەتی بیرکردنەوە لە هەموو ئەو شتانەی لەبەردەستدان و زانیارییی دەربارەیان دەزانین، یاخود مایەی پرسیارن.

لە فەلسەفەی پەروەردەدا، پرسیار گرنگترە لە وەڵام، هەموو وەڵامێکیش پرسیارێکی تر بەدوای خۆیدا دەهێنێت.

لە رووی فەلسەفییەوە، بۆچوونێکی یەکگرتوو نییە دەربارەی چەمکی پەروەردە، هەر کۆمەڵگەیەک بەشێوەیەک ئەو چەمکە پێناسە دەکات؛ هەیانە جەخت لەسەر پابەندبوون بە باوەڕداری و بەهاکان لەلایەن نەوەکانەوە دەکاتەوە. هەیە پێی وایە دەبێت پارێزگاری لە منداڵ بکرێت لە تەمەنی بچووکدا لەلایەنی رەوشت و جەستەوە و لە پێوەرەکانی خێزانەکەیەوە بنەماکانی رەوشتی دروست وەربگرێت. هەشە ئاماژە بەوە دەکاتە کە پەروەردە؛ ئەو گەشەیەیە لە رووی

زانیاری و زانست و هۆکارەکانی رۆشنبیرییەوە بەدەستی دەهێنین. هەروەها چەندین بۆچوون و تێڕوانینی تریش هەن.

لە کۆی ئەو بۆچوونە جیاوازانەدا، فەلسەفەی پەروەردە؛ بنەمایەکی سەرەکییە و دامەزراوەکانی پەروەردەیی دەبێت پشتی پێ ببەستن. لەبەر ئەوەی هاوکارە بۆ دیاریکردنی ئامراز و شێواز و پێویستییەکانی پەروەردەکردن، واتە هاوکارە بۆ دیاریکردنی سیاسەتی پەروەردەیی و دامەزراندنی سیستمی تایبەت بە خوێندن و فێرکردن، پێویستییەکانی وانەوتنەوە، دانانی پرۆگرامی خوێندن، ئامانجەکان و بنەمای هەڵسەنگاندن و بنەمای رێکخستنی سیستمی ئیداری. هەروەها فەلسەفەی پەروەردە هاوکارە بۆ گۆڕینی سروشتی چالاکییە خۆڕسکەکان بۆ چالاکیی روون و ئامانجدار، فاکتەرێکە بۆ بەیەکەوە گونجاندنی ژینگەی ژیانی تاکەکان و ژینگەی پێکەوەژیان دەڕەخسێنێت بۆ خزمەتی پرۆسەی پەروەردە. لە لایەکی تریشەوە هۆکارێکە بۆ دروستکردنی پەیوەندی نێوان بوارەکانی ژیان و کار، وەڵامی ئەو پرسیارانە دەداتەوە کە لەلایەن پەروەردەکارانەوە دەکرێن و جیاوازییەکان بەهەند وەردەگرێت بۆ بنیاتنانی بیری سەردەمیانە و بە مەبەستی گەشەی پەروەردە، یارمەتی مامۆستا و بەڕێوەبەرەکان دەدات بۆ هەڵسەنگاندن و تێگەیشتن لە چەمکە تایبەتەکانی پەروەردە.

**فەلسەفەی پەروەردەیی نموونەیی:**

یەکەم رەوتی هزرییە لە کارەکانی ئەفلاتووندا، وەک یەکەم فەلسەفەی پەروەردەیی نووسراوەتەوە، لایەنگرانی رەوتی نموونەیی پێیان وایە کە مرۆڤ بوونەوەرێکی رۆحییە، ئازادە لە ئیدارەدان و بەرپرسیارە لە هەڵسوکەوتەکانی، ئامانجی پەروەردەش کەماڵی رۆح و رەوشتبەرزییە. پەروەردەی رۆحی و رەوشتیی دەخەنە پێش پەروەردەی هزرییەوە، زیاتر بایەخ بە زانستی مرۆڤایەتی دەدەن. دەڵێن: پەروەردە، چالاکییەکە بۆ گەیشتن بە زانیاری لەسەر راستییە رەهاکان لە رێگەی هاندانی هزرییەوە.

**فەلسەفەی واقیعی:**

ئەم رەوتە فەلسەفییە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەرستۆ کە یەکێک بووە لە خوێندکارەکانی ئەفلاتوون، بەڵام بۆچوونی جیاواز بووە، ئەم زیاتر بایەخی بە هەستەکان داوە وەک لە ئەندێشە، دەڵێت: بیری رەها نییە و دەکرێت گۆڕانکاریی بەسەردا بێت.

دەتوانین بڵێین تیۆرەکانی ئەفلاتوون و ئەرستۆ کاریگەریی زۆریان لەسەر پەروەردە هەبووە و دوو کۆنترین بیرمەندن کە پەروەردەیان بە ئەرکێک لە ئەرکەکانی دەوڵەت زانیوە و پێیان وابووە دەوڵەت دەبێت سیستمێکی پەروەردەیی یەکگرتوو پیادە بکات.

ئەرستۆ پەروەردەی بە لقێک لە سیاسەت زانیوە، سیاسەتیش لای ئەرستۆ کایەیەکی کردەکییە و ”هونەری ئاراستەکردنی کۆمەڵگەیە بۆ باشترین چاکەی مرۆڤایەتی“، لەم روانگەیەشەوە، سەرکەوتنی سیاسەتمەداران لە ئەرکەکەیاندا وابەستەیە بە بوونی گەلێکی چاکەوە، بەمەش کاری یەکەمی سیاسەتمەدار ئامادەکردن و پێگەیاندنی هاووڵاتیانە، کە ئەمەش ئەرکی پەروەردەیە و بە پەروەردە دەکرێت.

**فەلسەفەی ئایین:**

بریتییە لە تێڕامان و لێکۆڵینەوە لەو مانا و حوکمانەی کە بنەما ئایینییەکان دەیخەنە روو بۆ لێکدانەوەی دیاردە سروشتی و میتافیزیکییەکانی وەک: خەلق، ژیان و مردن و بوونی خولقێنەرێک... فەلسەفەی ئایین لقێکی فەلسەفەیە کە پەیوەستە بە پرسیارەکانی پەیوەست بە ئایین و سروشتی خودا و بابەتی بوونی، پشکنینی ئەزموونی ئایینی، شیکردنەوەی چەمک و دەقە ئایینییەکان و پەیوەندی نێوان ئایین و زانست. میتۆدێکی کۆنە، لە کۆنترین دەستنووسەکانی پەیوەست بە فەلسەفەدا دەبینرێت، بەستراوەتەوە بە لقەکانی تری فەلسەفە و بیری گشتی، وەک: میتافیزیک، لۆژیک و مێژوو.

فەلسەفەی ئایین بە گشتی لە دەرەوەی چوارچێوە ئەکادیمییەکان لە رێگەی کتێب و مشتومڕە باوەکانەوە

باس دەکرێت، بەتایبەت سەبارەت بە پرسەکانی بوونی خودا و چاکە و خراپە. فەلسەفەی ئایین جیاوازە لە فەلسەفەی ئایینی، بەو پێیەی دەیەوێت باس لە پرسیارەکان بکات سەبارەت بە سروشتی ئایین بە گشتی نەک شیکردنەوەی ئەو کێشانەی کە سیستمێکی بیروباوەڕی تایبەت هەیەتی یان سیستمێکی بیروباوەڕ دروستی دەکات.

**فەلسەفەی پەروەردەی ئیسلامی:**

بریتییە لە بەکارهێنانی چەمکە ئیسلامییەکان بۆ تێگەیشتن لە خودا، گەردوون، مرۆڤ و بوون... سەبارەت بە بەکارهێنانی پەروەردەیی، یان ئەوەی کە دەکرێت ناوی بنێین "فەلسەفەی پەروەردەیی ئیسلامی"، مەبەست لێی بەکارهێنانی مەنهەجی ئیسلامییە بۆ پەروەردە. هەروەها ئاماژەیە بۆ زانستێک کە ئامانجی سەلماندنی بیروباوەڕی ئایینی و لێکۆڵینەوەیە لە کێشەکانی پەیوەست بە ژیان، گەردوون، ڕەوشت، کۆمەڵگە و هەر شتێکی تریش کە پەیوەندیی هەبێت بە جیهانی ئیسلامەوە.

**فەلسەفەی مارکسی و پەروەردە:**

فەلسەفەی مارکسی، چڕوپڕ و بەیەکەوەگرێدراون، گرنگترین بنەماکانی خوێندن، ناچارییە و هەموو یەکسانن. یەکسانیی هەردوو ڕەگەز و نەتەوە جیاوازەکان.

فەلسەفەی مارکسیی پەروەردە، بەشێکە لە فەلسەفەی ماتریالیستیی دیالێکتیکی و لەگەڵ ڕێباز و ئامانجەکانیدا هاوڕایە و لەسەر بنەمای تیۆرییەکەی دامەزراوە. بۆچوونەکانی مارکس، ئەنگڵز و لینین ئەو بناغەیەیان دانا کە پەروەردەی سۆسیالیستیی لەسەر بنیات نرا، هەوڵیان دا بناغەکانی پەروەردەکردنی مرۆڤی نوێ دابڕێژن و ئەو قوتابخانە نوێیەی نوێنەرایەتی لە پەرەپێدانی ڕۆحیەتی پێکەوەیی دەکات ڕێک بخەن، ئەوەش لەپێناو پەروەردەکردن بە تێڕوانینە مارکسییەکانی وەک: خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی، قوربانیدانی تاکەکەس بە بەرژەوەندییەکانی لەپێناو بەرژەوەندیی کۆمەڵگە بەگشتی، نەهێشتنی جیاوازیی نێوان مرۆڤەکان و گەیشتن بە پەروەردەی دیموکراسی... بۆ ئەم مەبەستەش، دەوڵەت کۆنترۆڵی پەروەردە دەکات و بەو شێوەیەی کە دەیەوێت ئاراستەی دەکات، بۆ ئەوەی نەوەیەک دروست بکات کە پابەندی پرەنسیپە کۆمۆنیستییەکان بن و کار بکەن بۆ بەرگریلێکردنیان.

**فەلسەفەی خۆڕسکی بۆ تیۆری پەروەردە:**

سیستمی پەروەردە لای ڕۆسۆ، لەسەر بنەمایەکی سەرەکییە کە کورتییەکەی دەڵێت: سروشتی مرۆڤایەتی چاکە و سروشتی مرۆڤ بنەمای هەموو

چاکەیەکە. ئەمەش جیاوازە لە بۆچوونی فەیلەسووفی ئینگلیزیی (هۆبز) و زۆربەی پیاوانی ئایینی و کەنیسە، ئەوسا وا باو بووە کە بەهۆی پەروەردەوە خراپەکاریی لە رۆحی مرۆڤ دەهێنرێتە دەرەوە. پێچەوانەی ئەو بۆچوونە نەرێنییە؛ رۆسۆ باوەڕی بە چاکیی خۆڕسکانەی مرۆڤ هەیە، کە دەکرێت لە رێگەی پەروەردەوە گەشەی پێ بدرێت. ژان ژاک رۆسۆ بۆ ئەو مەبەستە هەندێک چەمک بەکار دەهێنێت: پەروەردەی سروشتی (خۆڕسک)، پەروەردەی ئازاد، مەبەستی خۆڕسکانە، سروشتی مرۆڤایەتی.

ئەم تیۆری و تێزانە دەبێت بەیەکەوە گرێ بدرێن و بۆ مەبەستی پەروەردە سوودیان لێ وەربگیرێت.

**فەلسەفەی قۆناغی گەشەکردن (تیۆری گەشەکردنی زانیاری):**
ئەم تیۆرییە دەگەڕێتەوە بۆ فەیلەسووف و بیرمەند (ژان پیاژێ)، تیۆرییەکەی گشتگیرە و باس لە سروشتی زیرەکیی مرۆڤ و پێشکەوتنی دەکات. پیاژێ دەڵێت: قۆناغی منداڵی، رۆڵێکی گرنگ و کاریگەری هەیە لەسەر گەشەی تاک و مەزەندە دەکات خودی منداڵ هەست و بیرکردنەوەی تایبەتی بۆ دەوروبەری خۆی هەیە کە لە ژینگەی خۆیانەوە وەریدەگرن و جیاوازن، دواتر بیروبۆچوونەکانیان دەگۆڕێت بەپێی ئەو ژینگەیەی تێیدان. قۆناغی یەکەمی ژیان زۆر بەهەند

وەردەگرێت، هەروەها بایەخ بە شیکاریی پێکهاتەی هزریی داینەمکیەتی دەدات.

جگە لەمانە، چەندین توێژەر و بیرمەندی گەورە لە بارەی سیستم و کرداری پەروەردە و فێرکردنەوە تێزی گرنگیان هەیە و ناتوانین لێرەدا ئاماژە بە هەموویان بکەین.

سەبارەت بە سیستمی پەروەردە لە هەرێمی کوردستان، دیدگا و بەرنامەی ناڕوونە و دیار نییە کام فەلسەفەی پەروەردەیی پەیڕەو دەکات، لەکاتێکدا ئەگەر فەلسەفەی پەروەردەییش هەبووبێت، ئەوا نەتوانراوە بەتەواوی پەیڕەو بکرێت بەهۆی دەستتێوەردانی لایەنی ئایینی و سیاسییەوە. ئاشکرایە هیچ پرۆسەیەکی پەروەردەیی نییە فەلسەفە و سیاسەتی دیاریکراوی نەبێت، بۆیە گرنگە بەرپرسان و لایەنی پەیوەندیدار بایەخی تەواو بدەن بە دیاریکردن و پەیڕەوکردنی فەلسەفەیەکی روون و سەردەمییانەی پێشکەوتوو.

**فەلسەفەی پەروەردەی سەردەم چەندین رەوت و قوتابخانەی هەیە، لەوانە:**

**رەوتی سروشتی:** رەوتێکی فەلسەفییە، سەر بە فەلسەفەی فەیلەسووف و بیرمەند (ژان ژاک رۆسۆ)یە. رۆسۆ پەروەردەی دابەش کردووە بەسەر سێ بابەتدا: سروشتی، مرۆیی و

مادیی. هەریەک لەمانەش سنووری خۆیان هەیە. پەروەردەی سروشتی، لە دەرەوەی کاریگەریی مرۆڤە و لەژێر کاریگەری بابەتە بایۆلۆژی و فیسیۆلۆژییەکاندایە. کاری مرۆیی لەسەر پەروەردە، زیاترە لە خودی تاک خۆی و کاریگەریی کۆمەڵگە و دەوروبەریەتی. پەروەردەی مادیی، تێکەڵەیەکە لەو زانیارییانەی بەهۆی پەروەردەوە وەریدەگرین. لە تێڕوانینی رۆسۆدا، کاتێک پەروەردە سەرکەوتوو دەبێت، ئەگەر هەریەکە لەم بابەتانە رۆڵی خۆیان بگێڕن.

**رەوتی پراگماتی:** جۆن دیوی، یەکێکە لە دیارترین فەیلەسووفەکانی ئەم بوارە، ئامانجی هەڵگرانی رەوتی ئەم فەلسەفەیە بۆ پەروەردە، بەم شێوەیەیە: دەبێت مرۆڤ فێر بکەین چۆن بیر دەکاتەوە بۆ ئەوەی یارمەتیی بدات چۆن خۆی لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ژیان بگونجێنێت، هەروەها دەبێت خوێندکار بەو شێوەیە رابهێنین کە بتوانێت ژیانێکی بەختەوەرانە بژی، تەندروستی و ئارەزووەکان و تواناکانی لە بواری کاردا بەهەند وەربگرێت و پەرەیان پێ بدات بۆ ئەوەی بتوانێت لەگەڵ کێشەکانیدا سەرکەوتووانە رەفتار بکات و ئامادەیان بکەین لە کۆمەڵگەدا رۆڵی خۆیان ببینن.

### تیۆری کارلێکگەرایی (Interactionism)

تیۆرێکی سەرەکی بواری فێرکردنە، بە واتای ئەوەی تاکەکان لە کۆمەڵگەوە فێر دەبن کاتێک لەگەڵ کەسانی تر بەیەکەوە دەبن، کۆمەڵگە خودی خۆی لە رێگەی چەندین کارلێککردنی تاکەوە دروست دەبێت، نموونەش؛ لە بواری پەروەردەدا پەیوەندیی نێوان مامۆستا و خوێندکار، مامۆستا کارلێکێکە بۆ خوێندکار و دەتوانێت هۆکاری گۆڕانکاریی ئەرێنیی بێت بۆ خوێندکارەکان و نموونەیەکی باش بێت.

### تیۆری ئەزموونگەرایی (Empiricism)

بەپێی ئەم تیۆرییە؛ هەموو فێربوونێک، بە شێوەیەکی سەرەکی لە تاقیکردنەوە و شارەزاییەوە دێت و مرۆڤ هەموو چەمک و زانیارییەکی لەسەر جیهان و چێکردنی چەمکەکان، لەوەوە دێت. هەموو فێربوونێکی خۆڕسکانە رەت دەکاتەوە کە پێش ئەزموونی هرز و ئاوەز بێت.

### تیۆرییەکانی پەروەردە

پەروەردە و فێرکردن و خوێندن، لەو بابەتانەن کە فەیلەسووف و بیرمەندەکان بەدرێژایی مێژوو گرنگییەکی زۆریان پێ داون. لە لایەکی تریشەوە، لەلایەن سیاسییەکان و پەروەردەکارەکان و باوکان و دایکانەوە بابەتگەلێکن گفتوگۆی زۆریان لەسەر

کراوە و دەکرێت. بەهۆی گرنگیی بابەتەکە و ئەو کاریگەرییانەی دەبنە هۆی باشی و خراپیی پرۆسەکە، لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە چەندین ڕەوت و خوێندنگەی فەلسەفی سەرقاڵی داڕشتنی تیۆرین دەربارەی کاری فێرکاری و فێرکاران، زۆرن لەوانە:

١- تیۆری ڕەفتار.

٢- تیۆری بنیاتنەر.

٣- تیۆری گێشتاڵت (چەمکێکی ئەڵمانییە، بەواتای ڕوونکردنەوە).

١- تیۆری سوسیبۆ (بونیادگەرایی کۆمەڵایەتی).

٢- تیۆری مەعریفی.

ئەم تیۆرییانە، گرنگترین تیۆرییەکانی بواری پەروەردە و فێرکارین و تاکوو ئێستاش لەژێر لێکۆڵینەوەی بەردەوامدان. هەریەک لەم تیۆرییانە لایەنی ئەرێنی و نەرێنیی خۆیان هەیە، بۆیە هەڵبژاردنی تیۆری گونجاو، لەسەر چەند بنەما و هۆکار و تایبەتمەندییەک دەوەستێت، لەوانە: هۆکاری دەروونیی خوێندکار، هۆکاری دەرەکیی (ژینگەی خوێندن، کەلوپەل و پێداویستییەکانی خوێندنگە)، ڕادەی ڕۆشنبیریی کۆمەڵگە و خێزان... هەر تیۆرییەک لەوانەی سەرەوە، چەند گرنگیش بن، بەڵام ژینگەی خوێندنگە و ژینگەی خێزان کاریگەریی سەرەکییان هەیە لەسەر سەرکەوتنی خوێندکارەکان.

## دەروازەی سێیەم

# پەروەردەی شێوازی کۆن
# پەروەردەی سەردەم

## جۆری پەروەردە

### پەروەردە لە سەردەمانی کۆن:

پەروەردە کردارێکە بۆ گواستنەوە و بەدەستهێنانی زانیاری، یاخود پێشخستن و گەشەی بیرکردنەوە و هزر و بڕیاردان لەسەر بابەتەکان بۆ ئەوەی ئامادە بین بۆ ژیانێکی سەرکەوتووانە. پەروەردە لە سەردەمانی کۆن، سەرەتا پشتی بە دایباب و خێزان بەستووە، فێربوون و زانیاری لە گەورەوە بۆ منداڵان گواستراوەتەوە کە بەشی زۆری بۆ مانەوە بووە لە ژیان و چۆنیەتی خۆپاراستن و خۆڕزگارکردن لە مەترسییەکان، هەروەها چۆنیەتی دروستکردنی کەرەستەکانی راو و فێربوونی پیشە و دۆزینەوەی سەرچاوەکانی خۆراک... بەها و رەوشتەکانیش لە رێگەی چیرۆک و ئەفسانەی خواوەندەکان و پادشاکانیانەوە بووەتە پەند و وانە بۆیان.

لە هیندستان پاشاکان منداڵەکانیان ناردووەتە دامەزراوەیەک بەناوی (گوروکول - Gurukul) بۆ ئەوەی فێری بەکارهێنانی ئامرازەکانی شەڕ و چۆنیەتی بەرگری لەخۆکردن و زاڵبوون بەسەر دوژمنەکانیاندا بن. لە زۆر شارستانیەتی کۆنی جیاوازدا، ئەو جۆرە دامەزراوانە تەنیا بۆ منداڵانی پاشاکان و بەرپرسە گەورەکان بووە. دواتر

کاری پەروەردەکار دەستی پێ کردووە، دوای ئەوەی ئەو ئەرکە ئەستەم بوو تەنیا دایباب بیگرنە ئەستۆ. سەرەتا لە پەرستگەکان و گۆڕەپانی فراواندا بووە.

دواتر خوێندنی سیستماتیک پەیدا بوو، لەوێوە نووسین دەستی پێ کرد و ئیتر شارستانییەتەکان کەوتنە نووسین و تۆمارکردنی شەرع و یاساکان و شێوازی پەروەردەکردن و گواستنەوەی کولتوور و دابونەریتەکانیان.

پەروەردەی کۆن، هەندێک خەسڵەتی سەرەکیی هەیە، لەوانە:

پەروەردە لە سەردەمانی کۆندا زۆر سەرەتایی و ئاسان بووە لە هەموو روویەکەوە، ئامانجی سەرەکیی پەروەردە لەو سەردەمانەدا، پارێزگاری بووە لە ژیان و کولتوور و دابونەریتی باو لەناو کۆمەڵگە و لە نێوان کەسەکاندا. سەرەتا پەروەردە بۆ ئەوە بووە تاک ئامادە بکرێت کە بتوانێت پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیانی بەدەست بهێنێت، وەک: خواردن، شوێنی ژیان و پۆشاک... لەگەڵ پارێزگاریی لە دابونەریتی کۆمەڵگەکەیان.

بە تێپەڕبوونی کات و زۆربوونی رەگەزە جیاوازەکان و پەیدابوونی ئایینەکان، پێداویستییەکانی

تاک زیاتر بوو و شێوازی ژیان گۆڕانکاریی بەسەردا هات، ئیتر شێوازی پەروەردەش گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە و خوێندنگە بۆ خوێندنی ئایین و سرووتەکان کراوەتەوە. بەهۆی گۆڕانکاریی لە سیستمی سیاسیی وڵاتان و پێداویستییەکانی گەشەی تاک و کۆمەڵگە، پەروەردە و خوێندنی سیستماتیکی گەشەی کرد و فراوان بوو. لەگەڵ ئەوەش، گەشە و بەهای خوێندن لە هەموو دنیا دوای دروستبوونی حوکمڕانییە دیموکراتخوازەکان بوو، خوێندنگەکان ئیتر بۆ منداڵی دەسەڵاتدار و بەرپرس و دەوڵەمەندەکان قۆرخ نەبوون، بەڵکوو دەرگایان واڵا کرد بەسەر کۆمەڵگە و چین و توێژەکاندا بۆ ئەوانەی دەیانویست فێری خوێندن و خوێندەواری بن... پاش ئەوەی وڵاتان بۆیان دەرکەوت پێشکەوتنیان بەندە بە باشیی ئاستی پەروەردە و فێربوونەوە، خوێندنیان کرد بە ناچاری و هەموو تاکێک لە تەمەنێکی دیاریکراوەوە پێویستە بخرێتە بەر خوێندن و فێربوون.

لەگەڵ پێشکەوتنی ژیان و تەکنەلۆژیا، پەروەردەش گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە و بەرەو پەروەردەی سەردەم گۆڕاوە. وڵاتانی پێشکەوتوو بەهۆی گۆڕانکاری لە سیستمی خوێندندا، زیاتر پێش کەوتوون و بەردەوام پێش دەکەون.

## پەروەردەی سەردەم

بابەتی سەرەکیی ئەم کتێبە، دەربارەی پەروەردەی سەردەم و وردەکارییەکانیەتی. د. راداکریشنان، لە کاتی پێناسەی خوێندنی سەردەمدا دەڵێت: ئامانج لە خوێندن لەم سەردەمەدا، وا سەیر ناکرێت کە تەنیا ئامرازێک بێت بۆ ژیان، یاخود ئامادەکردنێک بێت بۆ ژیان، بەڵکوو ئامرازێکە بۆ پێشکەوتنی تەواو و گونجاندنی لەگەڵ کەسایەتییەکان.

لە ئێستادا، بەهۆی پێشکەوتنی گەورەی تەکنەلۆژیا و کاریگەریی گەورەی لەسەر ژیانی رۆژانەمان، پێویستە سیستمی فێرکردن جارێکی تر دابڕێژرێتەوە و بگونجێنرێت لەگەڵ ئەم سەردەمە، بۆ ئەوەی ئەو بۆشاییەی لە نێوان خوێندنی باو و خوێندنێک لەگەڵ سەردەمی تەکنەلۆژیا بگونجێت، نەهێڵێت و خوێندکار وا رابهێنرێت کە ئەرکە رۆتینییەکانی باشتر ئەنجام بدات و توانای داهێنانی گەشەی پێ بدرێت بۆ ئەوەی بەشدار بێت لە گەشەی کۆمەڵایەتیدا.

ئامانجی خوێندنی سەردەم؛ گەشەی تاکە لە رێگەی رەخساندنی راهێنانی فرەلایەن و گشتگیر بۆ ئەوەی بتوانێت رووبەڕووی ئاڵنگارییەکانی ژیان بێتەوە و توانا شاراوەکانی دەربخرێت و گەشەی پێ بدرێت.

پەروەردەی سەردەم، گەڕانە بەدوای کۆمەڵێک چەمکی نەگۆڕ و سەربەخۆدا، کە بگونجێن لەگەڵ بنەماکانی هزر و پێداویستییەکانی کۆمەڵ، توانای هەبێت لەگەڵ ئەم هەموو پێشکەوتنی تەکنەلۆژیایە رێ بکات و خۆی تێدا بدۆزێتەوە و بواری پێشخستنی هەبێت. لە پەروەردەی سەردەمدا، دەبێت لێکتێگەیشتن هەبێت لە نێوان دایک و باوک لەسەر پەروەردەکردنی منداڵ بە هەمان شێواز، بۆ ئەوەی منداڵ جیاوازیی شێوازی پەروەردەکردن بە هەل نەزانێت و بەخراپ بەکاری بهێنێت، دواتریش دەبێت بە کێشە لە نێوان دایک و باوک و لە سوودی منداڵەکە و مەرامەکانی دەشکێتەوە.

لە پەروەردەی سەردەمدا، دەبێت دایک و باوک و منداڵ کاریگەرییان لەسەر یەکتر هەبێت، دایک و باوک بەپێی سروشتی منداڵ و کەسایەتییەکەی هەڵسوکەوت دەکەن، ئەو جۆرە پەیوەندییە دابەش دەکرێت بەسەر سێ جۆردا:

**شێوازی توند:** ئەو شێوازە، گفتوگۆی تێدا نییە و دەبێت منداڵ بە قسەی دایک و باوکی بکات هەرچی وتیان و داوایان کرد.

**شێوازی پشتگوێخستن:** بەم شێوازە، منداڵ کەسێکی بێباکی لێ دەردەچێت، گوێ ناداتە یاساکان و پەیوەندییەکان.

**شێوازی گفتوگۆ و دیموکراسیانە:** لەم شێوازەدا، بە گفتوگۆی نێوان دایک و باوک و منداڵەکان، بە شیکردنەوەی ڕێنماییەکان و پەیڕەوی بەهاکان، سیستمی ژیان ڕێک دەخرێت.

## پەروەردەی سەردەم، سزا بەبێ توندوتیژی

لە پەروەردەی سەردەمدا، لێدان بە هەموو شێوەیەک قەدەغەیە، چونکە توندوتیژی بەدوای خۆیدا دەهێنێت، شێوازی سزا لە پەروەردەی سەردەمدا ئەوەیە کە کارئاسانی بۆ هەموو شتێک و مەرامێک نەکەیت و بە ڕێگەی سەردەمیانە ڕێگریی لێ بکەیت.

چەند شێوازێکی سزا هەیە، هەندێکیان یارمەتیی منداڵ دەدەن کە فێر بێت و پەیوەندییەکی بەهێز لەگەڵ پەروەردەکار دروست بکات. هەشیانە وا دەکات بە قسەی بکات و گوێڕایەڵیش بێت، بەڵام کەسێکی لاوازی لێ دەردەچێت. ئەگەر پشت بە لێدان و توندوتیژی ببەستین، ئەنجامی دروستبوونی کەسایەتییەکی بەهێز و دروست، پێچەوانە دەبێتەوە.

لە پەروەردەی سەردەمدا، فێرکاریی تەنیا بایەخ بە پێدانی زانیاریی نادات، بەڵکوو هەوڵ دەدات تاک بگۆڕێت بۆ کەسایەتییەک ژیانێکی شایستەی هەبێت، ئەم کارەش بەهۆی تێگەیشتن لە سروشتی مرۆڤ

و چاندنی زانست و زانیاری بۆ ئـەوەی کەسێکی بەتوانای لێ دەربچێت.

پەروەردەی سەردەم، دژی بەها و کولتوور نییە وەک دەوترێت، ئەم بۆچوونە هیچ بنەمایەکی نییە، بەڵکوو ڕێگریشە لە کرداری نادروست و سزاشی هەیە، بەڵام نابێت توندوتیژی و لێدان و چەوساندنەوە هەبێت. لە پەروەردەی سەردەمدا، هەر کۆمەڵگەیەک سنوور و بەهاکانی تێدا نەبێت؛ ئەوا کۆمەڵگەیەکی هەڵوەشاوەیە و ناتوانرێت تاکی سەرکەوتوو و کۆمەڵگەی سەرکەوتووی تێدا بەرهەم بهێنرێت.

سیستمی خوێندنی بـاو، زیـان بـە تـاکـەکـان دەگەیەنێت و تواناکانیان سنووردار دەکات، وایان لێ دێت ئەستەم بێت لەگەڵ ئەم هەموو ئاڵۆزییەی ژیانی تایبەتی و گشتی ڕەفتار بکەن، ئێستا دنیا دنیای کێبڕکێیە، دەبێت سیستمی خوێندیش تا ڕادەیەکی زۆر خۆی لەگەڵ ئەم ژینگە بزۆزەدا بگونجێنێت.

## ڕۆڵی مامۆستا لە پەروەردەی سەردەمدا

پەروەردە و فێرکاری، وەک هەر بابەتێکی تری ژیان، قۆناغ بە قۆناغ گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، ئێمە وا فێر بووین لەناو پۆلەکاندا مامۆستاکان چەقی پۆل بوون و فێرکاری پەیوەست بووە بەوانەوە و لەسەر ئـەوان وەستاوە. لەو سیستمەدا، مامۆستا

له پێشەوەی پۆل دەوەستێت و خوێندکاریش یەک بەدوای یەک دادەنیشن و گوێگری وانەوتنەوەی مامۆستا دەبن. ئەو سیستمە، تا رادەیەک کرۆکی سیستمی فێرکردنمانە، چەندین سەدە خوێندنگەکان بەم شێوەیە بەڕێوە دەچوون و تا ئەم دواییەش گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بەخۆوە نەبینیوە، بەڵام ژیان گۆڕاوە، تەکنەلۆژیا بووەتە بەشێکی جیانەکراوە لە ژیانی رۆژانەمان، کەس نکۆڵی لەوە نییە بەپێی ئەو هەموو گۆڕانکارییانەی لە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیادا بەدەست هاتوون، هێشتا چاکسازی لە ژیاندا و خۆگونجاندن لەگەڵ ئەم هەموو گۆڕانکارییانەدا گۆڕانکاریی ئەوتۆی بەسەر نەهاتووە.

ئەو گۆڕانکارییانەی کە دەتوانرێت بکرێن و پێویستە بکرێن؛ بیرۆکەی یەکەم ئەوەیە کە خوێندکار چەقی پۆلە و مامۆستا دوای ئەو دێت. تەختەکانی وانەوتنەوە، لە رەش و سەوزەوە بۆ سپی، یاخود روونمای زیرەک بگۆڕدرێن. لەبەر ئەوەی تەکنەلۆژیا بووەتە فاکتەرێک بۆ سەرچاوەی سەرەکیی لێکۆڵینەوە و وەرگرتنی زانیاریی وانەوتنەوە، دەبێت مامۆستا هاوکاربێت بۆ چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەو سەرچاوانە و رێنیشاندەر بێت، ئەو سەرچاوانە جێگەی خوێندنی باو بگرنەوە و کتێب و مامۆستا تەنیا سەرچاوە نەبن.

پەیوەندیی خوێندنی کۆن (باو) و خوێندنی سەردەم، بەجۆرێکە کە بەیەکەوە بەستراون و جیاوازیشن، رۆڵی مامۆستا، رۆڵێکی کاریگەرە بۆ چۆنیەتی بەدەستهێنانی سەرچاوەکانی فێربوون لە رێگەی گفتوگۆ لەگەڵ خوێندکار، لە هەمان کاتیشدا مامۆستا دەبێت هەوڵ بدات ئاگاداری تازەترین گۆڕانکاری بێت بۆ ئەوەی لەگەڵ سەردەم و ئەقڵییەتی خوێندکاری ئەم قۆناغە خۆی بگونجێنێت، هەروەها بۆ ئەوەی بزانێت ئەو گۆڕانکارییانەی لە دنیای دەرەوە روو دەدەن، چین و بەرەو کوێ دەچن.

**ئەرکەکانی مامۆستا و پەروەردەکاران لە پەروەردەی سەردەمدا:**

- فێرکردن بە رێگەی هەماهەنگی و هاوکاریی نێوان خۆی و خوێندکار، ئەمەش دوو سوودی سەرەکی هەیە، یەکەم: توانای هزر و بیرکردنەوە و دەستکەوتنی زانیاریی زیاتر دەبێت. دووەم: بە هەماهەنگی ئامانجە هاوبەشەکان بەدی دەهێنن.
- هەوڵ بدات فێرکردن بەهۆی بەکارهێنانی ئامرازە ئەلکترۆنییەکانەوە بێت و هێڵی ئینتەرنێت و چەندین جۆری تری سەرچاوە بەکار بهێنێت، بۆ نموونە؛ چەندین ڤیدیۆی فێرکاری و بابەتی زانستی لە رێگەی تۆڕی ئینتەرنێتەوە بەدەست بهێنێت و بیداتە خوێندکار.

- فێرکردن لە ڕێگەی ورووژاندنی ئاوەز لە نێوان خوێندکار و خۆی بە گفتوگۆ.
- فێرکردن لە ڕێگەی ڕاهێنان و کردارەوە، وانەی پراکتیکی و مەیدانی.
- شێوازی پۆلی خوێندن بە پێچەوانەوە، واتە خوێندکار ببێت بە مامۆستا و خۆی بۆ بابەتێک ئامادە بکات و مامۆستاش گوێگر بێت.
- لە ڕێگەی یاری و سەردانی مەیدانی.
- هەوڵ بدات ئەو کەرەستانەی پێویستن بۆ وانەیەک، ئامادەیان بکات.

ڕەنگە ئەم خاڵانە ئەرکی مامۆستا زیاتر بکات، بەڵام لە کۆتاییدا سوودی بۆ هەردوولا دەبێت. ئەم سەردەمە پێویستی بە ئاوەزی داهێنەرانە هەیە و گەڕان بەدوای نەزانراو و نەدۆزراوەدا کە وەڵامی پرسیارە ئەستەمەکان بداتەوە، یاخود بەدوای وەڵامدا بگەڕێت و بزانێت زانست بەدوای حەقیقەت و ڕاستییەکاندا دەگەڕێت. دەبێت مامۆستا لەگەڵ خوێندکارەکانیدا وا ڕەفتار بکات کە هەموویان کەسی زانان و توانا شاراوەکانیان دەربخات و داوای کارێکیان لێ نەکات کە لە توانایاندا نەبێت، هەروەک ئەلبێرت ئەنیشتاین دەڵێت: ئەگەر تۆ بە ماسی بڵێیت دەتوانیت سەر دار بکەویت، ئەوا هەموو ژیانی وا دەزانێت نەزانە، چونکە ناتوانێت.

**خەسڵەتەکانی مامۆستای سەرکەوتوو:**

- ئامانجی روونـی هەیە بە پلانێکی روون، وانـەکـەی و هەندێک داهێنانی خۆشی بۆ ساڵی خوێندن دادەڕێژێت.
- چاوەڕێی دەستخۆشی و پاداشت و پێزانین لە خوێندکار و کەسوکاری ناکات.
- دەزانـێـت کـەی و لـە چ کاتێکدا گـوێ لە خوێندکار دەگرێت و بەهەندی وەردەگرێت، یاخود پشتگوێی دەخـات بەبێ بەکارهێنانی توندوتیژی ئەگەر بزانێت بۆ گێرەشێوێنییە و دەیەوێت رێڕەوی پۆل تێک بدات.
- لە هەموو بوارەکاندا بە رۆحیەتێکی ئەرێنیانە هەڵسوکەوت دەکـات و بەدڵنیاییەوە کـاردانـەوەی ئەرێنیانە دەبێت و ئامانجەکانی دەپێکێت.
- چـاوەڕانـی سـەرکەوتن لە خوێندکارەکانی دەکـات، چونکە خوێندکار پێویستی بـە کەسێکە باوەڕی بە توانا و لێهاتوویی هەبێت و هانی بدات.
- قسـەخۆشە و گاڵتەش دەکـات، بـەردەوام جدی و وشک نییە. خەسڵەتی تەمەنی خوێندکار وایە زوو بێزار دەبێت، بۆیە بە قسەی خۆش و نوکتە و پەند لە دڵیدا جێی خۆی دەکاتەوە.
- دەستخۆشی لەوانە دەکات کە کاری باش

ئەنجام دەدەن و هانیان دەدات بەرەو باشتر بچن.

- بەدوای تازەگەریدا دەگەڕێت بە مەبەستی گۆڕانکاری و لابردنی کەشی بێزاری کە زۆربەی جار خوێندکار تووشی دەبێت.
- لەگەڵ خۆیدا ئاشتە و راڕا و مەزاجیی نییە، بڕیارەکانی بە زیرەکانە و لێهاتوویانە دەدات، خۆی وا نیشان نادات کە تووشی دڵەڕاوکێ بووە.
- لەگەڵ کەسوکار و بەخێوکەری خوێندکار پەیوەندی باشی هەیە.
- ئەو هەستە دەبەخشێتە خوێندکار کە کارەکەی خۆی خۆش دەوێت و ئارەزووی وانەوتنەوەی هەیە. ئەو هەستە لای خۆی و خوێندکار دروست دەکات کە کارەکەی یەکێکە لە کارە هەرە گرنگەکان.
- گوێ لە پێداویستییەکانی خوێندکار دەگرێت و لێیان نزیک دەبێتەوە و هاوکاریان دەبێت بۆ زاڵبوون بەسەر کۆسپەکانیاندا و رێنوێنییان دەکات.
- سەرپەرشتی گفتوگۆکانی نێوان خوێندکاران دەکات و بێلایەنیی خۆی نیشان دەدات و رۆحیەتی رێزگرتن لە رای جیاواز لایان دەمێنێت و رەخنەی بنیاتنەرانەیان نیشان دەدات.
- شێواز و ئامرازی پەروەردەی سەردەمیانە دەدۆزێتەوە بۆ ئەوەی هاوکار بێت بۆ فێربوون و

فێرکردن.

- یارمەتی خوێندکار دەدات زاڵ بێت بەسەر کێشە دەروونی و سۆزداری و کۆمەڵایەتییەکانیدا. مامۆستا دەبێت لای روون بێت کاری تەنیا فێرکردن نییە و پانتایی پەروەردە زۆر لەوە فراوانترە.
- دەبێت رۆشنبیر بێت و زانیاری و شارەزایی لەسەر زۆر بابەتی گرنگی ژیان هەبێت، تەنانەت مامۆستایەکی ماتماتیکی شارەزا، ئەگەر رۆشنبیریی گشتیی نەبێت، هەرگیز سەرکەوتوو نابێت.
- ئەو وانەیەی کە دەیڵێتەوە، دەبێت بە باشی خۆی بۆ ئامادە کردبێت و بوار نەداتە خوێندکار هەڵەی لەسەر تۆمار بکات و ئامادە بێت بۆ وەڵامی هەر پرسیارێک. ئەگەر بابەتێکیش زۆر شارەزا نەبوو تیایدا، ئەوا نابێت لای نەنگیی بێت، دەتوانێت بڵێت وانەی داهاتوو بەوردی وەڵامت دەدەمەوە.
- کراوە بێت، هاوکار و هەماهەنگ بێت لەگەڵ هاوپیشەکانی و لێشیانەوە فێر بێت و بەشدارییان پێ بکات لە شێوازە سەرکەوتووانەکانی خۆشیدا، تۆڕێکی کۆمەڵایەتی هەبێت لەنێوانیان بۆ ئەوەی بەردەوام هەست بکەن ئەوان تیمێکن.
- خۆشیی دەهێنێت بۆ ناو پۆل، بەتایبەتییش بۆ مامۆستایانی سەرەتاییەکان، یاری و خوێندن تێکەڵ

بکات، چونکە شێوازێکە بۆ فێربوون و ئامانجەکەی بەباشی دەپێکێت.

- تەنیا بایەخ بەناو پۆل نادات بۆ فێربوون، بەڵکوو چالاکیی دەرەوەی پۆلیان بۆ دەڕەخسێنێت، هەم بۆ فێربوون و هەمیش بۆ دەرچوون لە هەندێک ڕۆتیناتی ژیان و پتەوکردنی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی نێوان خوێندکارەکان.
- کاری تیم، یەکێکە لە ئەرکە سەرەکییەکانی مامۆستای سەرکەوتوو.

**پرۆگرام و بابەتی خوێندن**

پرۆگرام، پلانی پەروەردەییە، ئامانجی فێرکردن و شارەزاییە، بریتییە لە کۆمەڵێک زانیاری و شارەزایی لە شێوازی فێرکردن، لەگەڵ خوێندکار کارلێک دەکەن و کەسایەتی و لایەنی مەعریفی و لێهاتوویی پەرە پێ دەدەن. مامۆستا و خوێندنگە ڕۆڵیان یارمەتیدەرە بۆ فێربوون بە شێوازی کاریگەر، ئاراستەکەر و ڕێنماییکەرن، چ لە دەرەوە یاخود لەناو خوێندنگە.

**بابەتەکانی خوێندن:**

بابەت، لەلایەن پسپۆڕان و شارەزایانەوە دادەڕێژرێن و دادەنرێن، خوێندکار دەیخوێنێت

و کۆمەڵێک بنەمای زانیاریی لێوە فێر دەبێت و ئامانجەکانی پەروەردەیی بە شێوەیەکی سیستماتیک و کاتێکی دیاریکراو جێبەجێ دەکەن. بابەت بەشێکە لە پرۆگرامی خوێندن، پرۆگرام فراوانترە.

بابەتی خوێندن، بە زمانی ئینگلیزی پێی دەوترێت ”Curriculum“، لە پەروەردەی کۆندا؛ فێرکار بە شێوازێکی دیاریکراو بابەتەکان فێری خوێندکار دەکات بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو و جەخت لەسەر لایەنی ئاوەزیی خوێندکار دەکاتەوە و بایەخ تەنیا بە ناوەڕۆک دەدات، هەروەها جەخت لەسەر راستییەکان و چەمکەکان دەکاتەوە. ئەزبەرکردنی بابەتەکانی خوێندن پشت بەو وتەیە دەبەستێت: ”ئاوەز لە سەرووی هەستەکانی مرۆڤەوەیە“. بۆیە فێرکار (مامۆستا) هەوڵ دەدات ئاوەز و هزری خوێندکار پڕ بکات لە بابەتەکانی خوێندن. ئەم شێوازە ماوەیەکی دوورودرێژ پەیڕەو کرا و ئێستاش بە شێوەیەک لە شێوەکان پەیڕەو دەکرێت و لایەنگری هەیە، خەسڵەتەکانی ئەمانەن:

١- رۆڵی مامۆستا تەنیا بایەخدانە بە لایەنی مەعریفی.

٢- بابەتەکان لە رێگەی ئەزبەرکردنی وتە و پەیڤەوە دەگەیەنن بە خوێندکار.

٣- فەرامۆشکردنی لایەنی زانستی و کردارییی لەلایەن خوێندکارەوە.

٤- چڕیی بابەتەکانی خوێندن.

٥- جیاکردنەوەی خوێندنگە لە کۆمەڵگە، بە لایانەوە خوێندنگە پەیوەندیی بە کێشەی خوێندکار و کۆمەڵگەوە نییە و گرنگ نییە بەلایانەوە کێشەکانیان لە دەرەوەی خوێندنگە چارەسەر بکەن.

**چەمکی سەردەمییانەی بابەتی خوێندن:**

هەموو ئەو زانیارییانەی خوێندکارەکان وەری دەگرن، لەژێر چاودێریی خوێندنگەدایە، ئاراستەکردنیان بۆ ناو پۆل و دەرەوەی پۆلیشە، بەپێی ئەم روانگەیە، دەتوانرێت لەم خاڵانەدا ئاماژەی پێ بکرێت:

١- تەنیا بایەخ بە لایەنی مەعریفی نادات، بەڵکوو بە لایەنی لێهاتوویی تواناکان و رۆشنبیری و کۆمەڵایەتیی خوێندکاریش دەدات.

٢- خودی بابەتی زانستی تەنیا ئامانج نییە، بەڵکوو ئامرازێکە و یارمەتیی گەشەی خوێندکار دەدات.

٣- خوێندنگە بەشێکە لە کۆمەڵگە و ئەرکەکانی لەگەڵ خێزان و دامەزراوەکانی تر رێک دەخات بە

مەبەستی بنیاتنانی خوێندکارێکی بەتوانا لە چەندین رووەوە.

٤- مامۆستا ئازاد دەکات لەوەی تەنیا بایەخ بە بابەتێکی بەرتەسک بدات، رۆڵی زیاتری دەداتێ وەک رێنیشاندەر و رێنوێنیکەر و هاوکاری خوێندکار بۆ گەشەپێکردنی توانا جیاوازەکانیان.

٥- ژیان لە نێو خوێندنگەکان لەژێر سێبەری ئەو سیستمە، ژیانێکی ئارامتر و خۆشتر و دڵخۆشکەرترە بۆ خوێندکار و یارمەتیی دەدات کەسایەتی خۆی هەبێت، گەشە بە زانیاری و تواناکانی بدات و لە بابەتی وشک و ئەزبەرکردن دوور بکەوێتەوە، بەمەش فێربوونی زۆر ئاسانتر دەبێت.

**لە پەروەردەی سەردەمدا، دەبێت بۆ خوێندنی بابەتەکان ئەم خاڵانە لەبەرچاو بگیرێن:**

١- پێشکەوتوو لەگەڵ سەردەم و پارێزەری کولتوور و رەمزە نەتەوەییەکان لە هەمان کاتدا.

٢- دەبێت بە هاوکاریی چەندین لایەن ئامادە بکرێن و واقیعی حاڵ و سروشتی کۆمەڵگە فەرامۆش نەکرێت.

٣- لایەنی گەشەکردنی خوێندکار، کارلێکی نێوان خوێندکار و مامۆستا، ژینگەی ناوچەیی، ئاستی رۆشنبیریی کۆمەڵگە و هەموو لایەنە چالاکەکانی خوێندکار لەبەرچاو بگیرێن.

٤- باری ئابووری و مرۆیی.

٥- بایەخ بە کاری هاوبەشی نێوان خوێندکارەکان بدات.
٦- ڕێکخستن و تەواوکاری لە نێوان بابەتەکاندا هەبێت.
٧- لە ڕێگەی بابەتەکانەوە فێری ڕەوشتی بەرز ببێت.
٨- کاری بەیەکەوەیی لەسەر بنەمای سایکۆلۆژیی خوێندکار.

**چەند هەنگاوێک بەرەو پەروەردەی سەردەم:**

- مامۆستا، ئامراز و کەلوپەلی جیاواز و گونجاو بەکار بهێنێت بۆ ئەوەی فێربوون و هەستەکانی بەیەکەوە گرێ بدات.

پرۆگرامی سەردەمی، بایەخ بە هەموو ئەو زانیارییانە دەدات کە لای خوێندکار هەیە و گرنگییان پێ دەدات، هەروەها مامۆستاش دەبێت گرنگییان پێ بدات و بزانێت لە کوێ و بە کام ڕێگە بەدەستی هێناون و لەژێر چاودێریی خوێندنگەدا پەرەیان پێ بدات و ئازادانە لە بابەتەکان بچێتە دەرەوە.

بە کۆی گشتی، ئامانجی پرۆگرام و بابەتەکان، گەشەی گشتگیر و چاککردنی ڕەوشت و ڕەفتاری خوێندکارە.

- بابەتەکان دەبێت تەڕوبڕ بن و وشک نەبن بەجۆرێک خوێندکار نەتوانێت زاڵ بێت بەسەریاندا.

- بابەتەکان گشتگیر بن، هیچ لایەنێکی ژیان فەرامۆش نەکرێت و بەپێی قۆناغەکانی تەمەن ڕێک بخرێن.

- لەگەڵ دانانی پرۆگرام، نابێت وەرزش و هونەر فەرامۆش بکرێن، بەڵکوو پێویستە بایەخی زۆریان پێ بدرێت.

- بابەتەکانی لایەنی یەکسانیی نێوان نێر و مێ فەراهەم بکات و لە چوارچێوەی نێرسالاری بچێتە دەرەوە.

- بابەتەکان پشتگیری ئاشتەوایی و پێکەوەژیان فەراهەم بکەن.

- بایەخ بە زانستەکانی سەردەم و ژینگەدۆستی بدەن.

- بایەخ بە لایەنی لێهاتوویی بدەن.

### خوێندنگە

خوێندنگە، یەکێکە لە بنەما هەرە گرنگەکانی پرۆسەی خوێندن و کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر پرۆسەکە، هەر کاتێک خوێندنگە گونجاو بێت و پێداویستییەکانی خوێندن و پشووی تێدا بێت، کاریگەریی ئەرێنیی لەسەر خوێندکار و مامۆستا و پرۆسەی خوێندن بەگشتی دەبێت. بەداخەوە، زۆربەی خوێندنگەکانی هەرێمی کوردستان کێشەیان تێدایە، هەندێک لە کێشەکان دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی دروستکردنیان کاتێک خوێندن تەنیا پەیڕەوی

سیستمی کۆن دەکرا و لەگەڵ پەروەردەی سەردەم ناگونجێن، لەوانە: پۆلەکان بچووکن و خوێندکار یەک لە دوای یەک ریز دەبن و جێگەی کورسی و مێزی خڕ، یان دانیشتن بە چەند گرووپێکیان تێدا نابێتەوە، بچووکن و ژمارەی خوێندکاریش زۆرن، سیستمی روونمای زیرەک لە پۆلەکاندا نییە، مامۆستا ئەگەر بیەوێت بەپێی پەروەردەی سەردەم وانە بڵێتەوە، ئەوا هەڵکەوتەی ژوورەکە بواری نادات، شوێنی هاتوچۆی خوێندکار زۆر تەنگ و بچووکە، سیستمی گەرمکەرەوە و فێنککەرەوە بە شێوازی کۆنە و خوێندنگەکان وا بنیات نراون کە لەگەڵ ژینگەی وڵاتی ئێمەدا ناگونجێن و کۆپیی بەشەکانی تری عیراقن، هەر بۆیە ناو پۆلەکان بە زستان سارد و بە هاوینیش گەرمن و کاریگەریی راستەوخۆیان لەسەر باری دەروونیی مامۆستا و خوێندکار دەبێت، دەنگەدەنگی پۆلەکان بۆ یەکتری دەچن، بەتایبەتی ئەگەر مامۆستا بیەوێت بەشێوەی نمایش وانە بڵێتەوە... جگە لەمانەش، بەهۆی خراپیی کوالێتی دروستکردن و خراپیی دیزاین و نۆژەننەکردنەوەیان و سزانەدانی بەڵێندەرەکان و نەبوونی پلانێکی دارێژراو بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی خوێندنگەکان، رۆژ بە رۆژ بەرەو خراپتر دەچن.

**بەشێوەیەکی گشتی، کێشەی خوێندنگەکان بریتییە لە:**

- هەندێک لە خوێندنگەکان لە شوێنی قەرەباڵغدان و دەنگەدەنگ لە هەموو لایەکەوە دەگاتە ناو پۆلەکان.
- نەبوونی یاریگە بۆ ئەوەی بتوانن چالاکییە جەستەیی و وەرزشییەکانیان تێدا ئەنجام بدرێت.
- رووبەری سەوزاییان زۆر بچووکە.
- نەبوونی هۆڵی گەورە بۆ نمایشی شانۆ و چالاکییەکان.
- زۆر جار یەک نهۆم نییە و چەند نهۆمێکە، ئەمەش زۆربەی جار بۆ خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان کێشەیە.
- نەبوونی نۆرینگەی پزیشکی، ئەگەر هەشبێت پێداویستییەکان کەمن و ئامێری پزیشکی و دەرمانیان زۆر کەم تێدایە و خەڵکیش شارەزایی کەمە، بەتایبەتییش لە کاتی روودانی کارەساتی نەخوازراو.
- نەبوونی کافتریا و هۆڵی گەورە بۆ چالاکییەکانی پەروەردەی سەردەم.
- نەبوونی تاقیگە و هۆڵی کۆمپیوتەر و خزمەتگوزاریی ئینتەرنێت.
- نەبوونی کتێبخانەیەکی فراوان و فرەکتێب.
- هەندێک خوێندنگە لەسەر شەقامە

قەرەباڵغەکانن و هاتوچۆی ئۆتۆمبێلی زۆر لەسەرە، بەتایبەتییش بۆ خوێندنگەی بنەڕەتی و سەرەتایی جێی مەترسییە.

- سیستمی راکێشانی کارەبا بە شێوازی کۆنە و نۆژەن نەکراونەتەوە، کە مەترسیی شۆرتی کارەبا و ئاگرکەوتنەوەیان زۆرە.

- سیستمی ئاڵوگۆڕی هەوای ناو ژوورەکان زۆر خراپن.

- ژمارەی خوێندکار زۆرە و زۆربەی جار دوو دەوامن و فریای چالاکیی هونەری و وەرزشی ناکەون لەبەر وانە سەرەکییەکان.

بینای خوێندنگە راستەوخۆ کاریگەریی دەروونیی لەسەر مامۆستا و خوێندکار و کارمەند و خزمەتگوزارەکان هەیە، هەر بۆیە پێویستە ئەم لایەنە بەهەند وەربگیرێت و لێکۆڵینەوەی ورد بکرێت بۆ دەستنیشانکردنی نەخشە و شێوازی گونجاو لەگەڵ ژینگەی هەرێم و پەروەردەی سەردەم، ئەمە هەم بۆ ئەو خوێندنگەیانەی کە تازە دروست دەکرێن، هەمیش بۆ ئەوانەی کە نۆژەن دەکرێنەوە.

### بەڕێوەبەری خوێندنگە

بەڕێوەبردنی خوێندنگە بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە، هۆکارێکی سەرەکییە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی

تواناکانی وانەوتنەوە و گەشەی خوێندکار، یەکێکیش لە لایەنە کاریگەرەکان، بەڕێوەبەرە.

بەڕێوەبردنی خوێندنگە بە شێوەیەکی سەرکەوتوو لەلایەن بەڕێوەبەرەوە، پێویستی بە پلانێکی تۆکمە و ورد و فرەلایەنەیە و پەیڕەوکردنی سیستمێکی دیموکراسیی راستەقینە لە نێو خوێندنگەدا لەسەر بنەمای کار و رێزگرتن هەیە.

پلانێک بۆ هەموو چالاکییەکانی ساڵی خوێندن و دابەشکردنی ئەرکەکان بەسەر (وەرز، مانگ، حەفتە و رۆژ)دا، هەروەها بەسەر مامۆستا و کارمەندەکاندا و بەدواداچوون بۆ جێبەجێکردنی و پەیداکردنی سەرچاوە و پێداویستییەکان بۆ کار و چالاکییەکان.

لە خوارەوە چەند ئەرکێکی گرنگی بەڕێوەبەری خوێندنگە ئاماژە پێ دەدەین:

- دیاریکردنی ئامانجی درێژخایەن و کورتخایەن کە دەبێت بگەن پێی.

- دانانی پلان و بەدواداچوونی بەردەوام بۆ جێبەجێکردنیان، هەم پلانی خودی بەڕێوەبەر و هەمیش پلانی مامۆستاکان.

- رێکخستنی ئەو پێداویستییانەی لەبەردەستدان (مرۆیی، کات، کەلوپەلی خوێندن و خوێندنگە...).

- دانانی پێوەر بۆ ئیدارەدان (بەڕێوەبردن).
- پێشخستن و (گەشەی بەردەوام) یەکێکە لە پێوەرەکانی بەڕێوەبردنی سەرکەوتوو.
- کۆکردنەوەی شارەزایی هەموو پەیوەندیداران و سوودوەرگرتن لە تواناکانیان و گوێگرتن لە مامۆستا و کارمەندەکان دەربارەی کێشە و بیروبۆچوونەکانیان.
- تا بکرێت ژیانی کۆمەڵایەتیی تاک بە تاکیان بزانێت و رەچاوی بکات.
- دروستکردنی پەیوەندییەکی هاوڕێیانە لەگەڵ مامۆستایان و فەرمانبەرانی خوێندنگە و کەسوکاری خوێندکار.
- پەیوەندییەکی پتەو لەگەڵ خوێندکارەکان دروست بکات و هانیان بدات و گوێ بگرێت لە کێشەکانیان و هەوڵ بدات بۆیان چارەسەر بکات.
- پەیوەندی لەگەڵ کەسوکاری خوێندکاراندا توندوتۆڵ بکات و هەوڵ بدات پلانی ساڵەکەیان بۆ روون بکاتەوە و بەشدارییان پێ بکات لە بەدواداچوون و چارەسەری کێشەکانیان.
- قسەخۆش و ئەرێنی بێت.
- لە نێوان خۆی و مامۆستاکاندا تۆڕێکی کۆمەڵایەتی دروست بکات.

- پەیوەندی لەگەڵ بەرپرسانی وەزارەتی پەروەردە و بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان توندوتۆڵ بێت.
- خۆی بە زانستی سەردەم پەروەردە بکات و رۆشنبیر بێت.

# رۆڵی دایك و باوك لە پەروەردەكردنی منداڵدا

پێنج ساڵی یەکەم لە تەمەنی منداڵ، گرنگیی تایبەتی هەیە، بناغەی گەشە و فێربوونیانە، مێشکی منداڵ لە ساڵەکانی سەرەتای تەمەنی زۆر بەخێرایی گەشە دەکات. بەپێی راپۆرتێکی سەنتەری گەشەکردنی منداڵ لە زانکۆی هارڤەرد، لە یەک چرکەدا زیاتر لە یەک ملیۆن تۆڕی دەماریی دروست دەبێت و تا تەمەنی پێنج ساڵی نزیکەی لە سەدا هەشتا و پێنج لە هزر و لێهاتوویی و کەسایەتیی منداڵ گەشە دەکات. توێژینەوەکان دەریان خستووە کە کاریگەریی کەسوکار بەسەر پێشکەوتنی منداڵ لە رووی لێهاتوویی بۆ فێربوون و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و سۆز و هەستەوە زۆر گرنگە، ئەو ئەزموون و تاقیکردنەوانەی لەو تەمەنەدا پێیدا تێدەپەڕێت، بەدرێژایی ژیان کاریگەریی بەسەرییەوە دەمێنێت.

هەموو منداڵێک پێویستی بە خزمەت و پارێزگاری و هاوکارییە. تەنیا پێویستی بە پێداویستییە رۆژانەییەکانی ژیان نییە، بەڵکوو پێویستی بە هاوکاریی دەروونیی هەیە، گرنگترین ئەو کەسانەی دەبێت ئەم کارە بکەن، دایک و باوکە و رۆڵی سەرەکییان هەیە.

د. فوئاد بەهی، باس لە گەشەکردنی منداڵ دەکات و دەڵێت: زنجیرەیەک لە گۆڕانکاریی یەک

بەدوای یەکی بەستراو بەیەکەوەیە و یەک ئامانجی هەیە، ئەویش گەشەی بەردەوامە. گەشەکردن بە شێوەیەکی هەڕەمەکی نییە، بەڵکوو هەنگاو بە هەنگاو بەدوای یەکتردا دێن. کەسایەتی منداڵ لەسەرخۆ گەشە دەکات، کۆئەندامی دەمار بەپێی قۆناغە سروشتییەکانی خۆی گەشە دەکات؛ پێش ئەوەی بە پێوە بوەستێت، دادەنیشێت، پێش ئەوەی قسە بکات، گڕوگاڵ دەکات، پێش ئەوەی بڵێت بەڵێ، دەڵێت نەخێر، پێش ئەوەی چوارگۆشە بکێشێت، بازنە دەکێشێت، پێش ئەوەی راستییەکان بڵێت، هەوڵی درۆ دەدات، خۆپەرستە پێش ئەوەی سوودی خەڵکی تری بوویێت، پشت بە کەسانی تر دەبەستێت پێش ئەوەی پشت بە خۆی ببەستێت، هەموو تواناکانیان و رەوشتیان لەژێر کاریگەریی رێنماییەکاندا گەشە دەکات.

پێش ئەوەی بچینە سەر باسی رۆڵی دایک و باوک لە پەروەردەکردندا، دەبێت ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە پەروەردەی سەردەم لە خێزانێکەوە بۆ خێزانێکی تر دەگۆڕدرێت و یەک شێوازی نییە، بەڵکوو بەپێی باری خێزانەکان جیاوازە، هەروەها دایک و باوکیش لە کۆمەڵگە و خێزانی جیاوازن و بیروبۆچوونیان جیاوازە لە رووی کۆمەڵایەتی، زانست و زانیاری، باوەڕی ئایینی، تێڕوانینی هزری و ئابووری و دەروونییەوە، جگە لەوەش، دەبێت بزانین

هیچ دایک و باوکێک بێ هەڵە نین، بەڵکوو هەڵە لە ژیانی خۆیان و پەروەردەکردنی منداڵیشدا دەکەن. هەروەها دەبێت ئەوەشمان لەبەرچاو بێت، پەروەردە مانای ئەوە نییە هەموو کردەوە و کردارێکی منداڵ بخرێتە ژێر وردبینەوە، بەڵکوو رێنمایی بکرێن بەرەو ئاراستەیەکی دروست.

ئەگەر دایک و باوک بیانەوێت کەسایەتی منداڵەکانیان وەک خۆیان بێت، ئەمە کارێکی هەڵەیە و خۆپەرستییە، چونکە ئەوان جیاوازن، سەردەمەکانیان جیاوازە، بەتایبەتییش لەم سەردەمەدا کە تەکنەلۆژیا ئەوەندە بەخێرایی پێش دەکەوێت، دایک و باوک فریای فێربوونی هەمووی ناکەون، هەروەها تیۆری بواری پەروەردەکردن و روانگەی جیاواز و ئامۆژگاریی زۆر بووە، ئەمەش وا دەکات باوک و دایک سەریان لێ بشێوێت و نەتوانن بەئاسانی رێگە و شێوازێک هەڵبژێرن. جا بۆ ئەوەی سەرلێشێوان دروست نەبێت، دەبێت دایک و باوک لێکتێگەیشتن و رێککەوتنێکیان هەبێت لەسەر شێوازی پەروەردەکردن و وەک تیمێک کار بکەن.

هەندێک رێنمایی هەیە بەپێی تاقیکردنەوە و توێژینەوەکانی بواری پەروەردە، زۆربەیان لەسەر هەندێک خاڵ کۆکن، کە بە پەیڕەوکردنیان منداڵی تەندروست و کەسایەتیی بەهێز و دەروون ئارام و

باوەڕبەخۆبوو و جێگیری لێ دەردەچێت و کەسێکی بەسوود دەبێت بۆ خۆی و کۆمەڵگە، لەوانە:

١- لەگەڵ ئەوەی دایک رۆڵێکی سەرەکی هەیە و بەپێی توێژینەوەکانی بواری دەروونناسیی منداڵ، دەریان خستووە پەیوەندیی منداڵ لە چەند ساڵی سەرەتای ژیانی لەگەڵ دایک و بە شێوەیەکی تەندروست لە رووی چاودێری و هەست و سۆزەوە، پێویستییە دەروونی و بایۆلۆژییەکانیان تێر دەکات و رێخۆشکەرن بۆ باوەڕبەخۆبوون. لەگەڵ ئەوەی باوەڕ وایە ساڵانی یەکەمی منداڵ زۆربەی ئەرکەکانی لە ئەستۆی دایکە، بەڵام پەروەردەی سەردەم دەریخستووە بەشداریی باوک لە پەروەردەکردندا زۆر گرنگە و یەکێکە لە گرنگترین بەرپرسیارێتییەکانی و دەبێت بەشدار بێت، تەنانەت ئەگەر هاوسەرەکەی ژنی ماڵیش بێت، گرنگە بۆ بواری دەروونیی منداڵ و هەست بە خۆشی و پەیوەندی نێوان ئەندامانی خێزان پتەوتر دەبێت و گەشەیەکی تەندروست دەکات. بۆ ئەمە دەبێت رێککەوتن هەبێت لە نێوان دایک و باوک لەسەر پەروەردەکردن، لە لایەکی تریشەوە، پەیوەندیی نێوان خۆیان پەیوەندییەکی تەندروست بێت و هەوڵ بدەن ناخۆشییەکانیان و کێشەکانیان لەبەردەم منداڵ ئاشکرا نەکەن، چونکە منداڵ زۆر هەستیارە و تووشی دڵەڕاوکێ و نائارامی دەبێت، ئەگەر جیاوازیش بن لە

جۆری پەروەردەدا، بۆ نموونە؛ یەکێکیان توندبێت و ئەوی تریان نەرم، دیسانەوە منداڵێکی ناجێگیر دەبێت لە رووی دەروونــی و رەفتــارەوە، هــەروەهــا هەڵی نادروست دەقۆزێتەوە بۆ مەرامەکانی خۆی.

٢- چەند جۆرێک لە دایک و باوک هەن، بۆ نموونە: زۆر نەرم، کەمتەرخەم، بێباک، توند، توندوتیژ... لە پــەروەردەی ســەردەمــدا بەکارهێنانی توندوتیژی کارێکی پەسەند نییە، رەنگە سزای لێدان بۆ کارێکی کاتی و ماوەیەکی کاتی بگونجێت، بەڵام دوای کەمێک هەمان رەفتار بەخراپتر دووبــارە دەکاتــەوە و لە دەروونیشیدا جێگیر دەبێت و ئیتر ئەویش کێشەکان و گرفتەکانی بە توندوتیژی چارەســەر دەکــات و کەسێکی دەروون پڕ لە رق و کینەی لێ دەردەچێت. دەکرێت بە گفتوگۆ و گوێگرتن و دانانی چارەسەری ئاشتییانە، بگەنە ئەنجامێکی زۆر تەندروست

٣- هەندێک جــار دایــک و بــاوک بــە پاداشتی بــەردەوام، کــاری باشە و چــاک بە منداڵ دەکــەن، ئەمەش بە دووبارەبوونەوەی بــەردەوام، کەسێکی مادیی لێ دەردەچێت و هیچ کارێک بێ بەرانبەر ناکات، هەر بۆیە دەبێت دوور بکەونەوە لە پاداشتی بێ پلان و بەردەوام.

٤- ئازادیی رەها بۆ منداڵ بەبێ بوونی دیسپلین و رێنمایی، کەسێکی نابەرپرس و سەرپێچیکەری لێ

دەردەچێت، زۆربەی جار ئەو کەسانە ناتوانن بگەنە ئامانجە تایبەتەکانی خۆیان.

٥- پسپۆڕەکانی پەروەردەی سەردەم دەڵێن: لێبگەڕێن با منداڵەکانتان بزانن چەندتان خۆش دەوێن و ئەم پەیامە با ڕۆژانە لە ئێوەوە بۆ ئەوان بڕوات. باوەشی گەرمی دایک و باوک، گەرمیی ڕۆحی چێ دەکات و لە بەرانبەردا منداڵ هەست بە ئاسوودەیی و ئارامیی دەکەن.

٦- پێویستە دایک و باوک گوێگرێکی باش بن بۆ منداڵەکان و بواری دەربڕینی هەستەکانیان بدەن؛ لە خۆشەویستی، رق و کینە، تووڕەیی، بێتاقەتی و ئازارەکانیان... ئەمانە زیاتر پەیوەندی و لێکتێگەیشتن دروست دەکات.

لە کاتی گرفت یان کێشەیەکی ماڵ و دەرەوە، گوێیان لێ بگیرێت، بۆچوونەکانیان لەسەر کێشەکان زۆر گرنگە، هەروەها بواریان بدرێتێ تا بزانن چۆن چارەسەری کێشەکەیان بکەن و بۆچوونەکانیان بەهەند وەربگیرێت. دایک و باوکیش بە گفتوگۆ رای خۆیان بڵێن، وا بکەن منداڵەکە هەست بکات خۆی چارەسەرەکەی دۆزیوەتەوە و نەوترێت تۆ هەڵەیت، بۆ ئەوەی باوەڕبەخۆبوونی لاواز نەبێت.

٧- دابەشکردنی بەرپرسیارێتی لە ماڵدا زۆر گرنگە، ئەگەر منداڵ هەست بکات باوکیش ئەرکی

ناوماڵ هەڵدەگرێت، ئەویش لای پەسەند دەبێت و بەرپرسیاریتی هەڵدەگرێت.

٨- هانی منداڵ بدرێت چاکە بکات و خێرخواز بێت و گیانی مرۆڤدۆستیی تێدا دروست بێت، لە کێشەی هاوڕێکانی تێبگات و هاوکاریان بێت.

٩- فێری ژینگەدۆستی و ئاژەڵدۆستی بکرێن و بەرپرسیاریتیی بەرانبەریان هەڵبگرن.

١٠- دایک و باوک دەتوانن لە ڕێگەی خوێندنەوەی چیرۆک و بەسەرهاتەوە لە کاتی پێش خەوتن و کاتی پشوو، خەسڵەتی چاکەیان تێدا بچێنن، فێری ڕەوشتبەرزی و بەتەنگەوەهاتن و یەکترقبوڵکردنیان بکەن.

١١- باس لە نموونەی جوان و سەرکەوتوو بکرێت لە ڕێگەی پەند و چیرۆکەوە بێ ئەوەی تانە لە توانای منداڵەکە بدرێت و بشکێنرێتەوە، بەتایبەت لەبەرچاو کەسی تر و خەڵک.

١٢- نابێت هەرگیز منداڵ بەراورد بکرێت لەگەڵ منداڵی تر، هەر منداڵە کەسایەتی خۆی هەیە، بەو کارە باوەڕبەخۆبوونیان لاواز دەبێت، یاخود رق و کینە بەرانبەر بە بەراوردپێکراوەکانیان دروست دەبێت.

١٣- بایەخدان بە شێواز و جۆری خواردنی تەندروست، جۆری خواردنەکانیان بۆ جەستە و

هزرێکی باش گرنگە و دەبێتە کردەوەی ڕۆژانەیان لە دواڕۆژدا. بەیەکەوە ژەمێک خواردن چەند سادەش بێت ئامادە بکەن، کاتێک گەورە دەبن، گرنگیی خۆی دەبێت.

١٤- بەشدارییان پێ بکرێت لە کاری هەرەوەزی و لە چالاکی و تیمە وەرزشییەکاندا، بۆ ئەوەی ژیان و کاری تیم و هاوکاریی یەکتری فێر ببن.

١٥- منداڵ گەورە نییە، بەپێی سروشتی منداڵییان هەڵە و سەرپێچی دەکەن، نابێت بکرێت بە کێشەیەکی گەورە. لێبگەڕێن با منداڵ هەڵە بکات و لە هەڵەکانییەوە فێر بێت ڕاستیی چییە.

١٦- هەستی باوەڕبەخۆبوون لای منداڵ دروست بکرێت و بۆ هەر کارێکی باش دەستخۆشیی لێ بکرێت.

١٨- با سەردەمی تەمەنی منداڵیی خۆیان بە شێوەیەکی سروشتیی بەسەربەرن.

١٩- دایک و باوک نموونەیەکی جوان پیشان بدەن، چونکە منداڵ لاسایی گەورە دەکاتەوە، بەتایبەتییش دایک و باوک.

٢٠- گرنگیدان بە پاکوخاوێنی و ددان شتن، ئەرکی دایک و باوکە بیکەن بە کارێکی ڕۆژانە لای منداڵ.

٢١- سنوور هەبێت بۆ جێبەجێکردنی داواکانیان و تێبگەیەنرێن لە هۆکاری جێبەجێنەکردنی ئەوەی ناکرێت جێبەجێ بکرێت.

٢٢- سنوور دابنرێت بۆ بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا، ناتوانرێت بەتەواوی دوور بخرێنەوە، بەڵکوو سنوور و ڕێنمایی هەبێت بۆ چۆنیەتی و کاتی بەکارهێنانیان.

ئەگەر منداڵ لە دامەزراوەیەکی خێزانی و کەشێکی دیموکراسیدا گەشە بکات، ئەوا منداڵێکی سەرکەوتووی لێ دەردەچێت و توانای داهێنانی دەبێت و بۆچوونەکانی بە روون و ئاشکرا دەردەبڕێت، هەروەها لە رووی دەروونییەوە کەسێکی بەهێز دەبێت و ڕارِا و گۆشەگیر نابێت و باوەڕی بەخۆی پتەو دەبێت. ئەم ڕێنماییانە و چەندین ڕێنمایی تر هەن، کە گرنگن دایک و باوک پەیڕەویان بکەن لەگەڵ جیاوازییەکانیش، هەروەها هاوبەشییەکیش هەیە کە خوێندن و بایەخی خوێندن و رۆشنبیریی فرەلایەنە.

**قۆناغی باخچەی ساوایان**

مرۆڤ لە ژیانیدا بە چەندین قۆناغدا تێدەپەڕێت، لە منداڵێکی شیرەخۆرە تا دەگاتە پیری، قۆناغەکان یەک بەدوای یەکەوەن و شانبەشانیشیان فێربوون

بەردەوامە بۆ ئەوەی ژیان بەردەوام بێت. قۆناغی باخچەی ساوایان، یەکەم قۆناغی گەشەی فێربوون و بەدەستهێنانی توانا و زانیارییە لە دەرەوەی خێزان و ماڵ، یەکەم قۆناغی تێکەڵاوبوونی کۆمەڵایەتییە بۆ مەبەستی پەروەردەیی لە زانستی نافەرمییەوە بۆ قۆناغی فێربوونی فەرمی.

قۆناغی باخچەی ساوایان، قۆناغێکی گرنگی پەروەردە و فێرکردنی منداڵە و لە زۆربەی وڵاتان لە تەمەنی (٤ – ٥)ساڵدایە، یەکەم هەنگاوی پێش سەرەتاییە. تیۆری جیاواز و چەندین ڕێگەی سەردەمییانە هەن بۆ فێرکردنی زانیاری و زانست و پەروەردە لەم قۆناغەدا. گەشەی مەعریفیی منداڵانی باخچەی ساوایان، بۆمان روون دەکاتەوە گۆڕانکاری لە هەستکردن، تێگەیشتن، خەیاڵفراوانی، خۆپاراستن، پاراستنی کەلوپەلە تایبەتییەکانی، هاوکاری، چارەسەری کێشە، زمان، بیرکردنەوە و بەکارهێنانی هێما... ئەمانە هەموو لە ڕێگەی هەستەکانەوە وەری دەگرن و دەیگۆڕن بۆ زانیاری و لە هزریاندا کۆی دەکەنەوە و هەر کاتێک پێویستیان بێت بەکاریان دەهێننەوە. بۆ فێربوونیشیان، ئارەزوو دەکەن هەموو زانیارییەک بە کردار بسەلمێنیت و لە تاقیکردنەوەی منداڵانی تریش فێر دەبن، لەگەڵ ئەوەش، زمانیش هاوکارە بۆ وەرگرتنی زانیاری و فێربوون.

یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی فێربوون ئەوەیە کە بتوانرێت لایەنی مەعریفی بەرز بکرێتەوە و بواری بۆ بڕەخسێنرێت خۆی خۆی فێر بکات و بگەڕێت بەدوای فێربووندا، چونکە ناتوانرێت منداڵ زیرەکتر بکەین تەنیا بە قسەکردن و باسکردن، بەڵکوو دەبێت بە شێوەیەک لە شێوەکان بخەینە دۆخی فێربوونەوە و خۆی تاقی بکاتەوە و بزانێت کاردانەوەی چی دەبێت. هەندێک هێما و پرسیار بەکار دەهێنێت بۆ وەرگرتنەوەی وەڵام، پەیوەندی لە نێوان بابەتێک یاخود وێنەیەک، کەسێک، دیاردەیەک، لە شوێنێک بۆ شوێنێکی تر و بەراورد لە نێوان بۆچوونی خۆی و منداڵێکی تر دەکات.

**ئەرکەکانی پەروەردەکاران لە باخچەی ساوایاندا:**

پەروەردەکارانی باخچەی ساوایان دەبێت ئەم خاڵانە و چەندین خاڵی تر ڕەچاو بکەن بۆ فێرکردن و پەروەردەکردن:

**یەکەم:** پشت بە وێنەی ڕەنگاوڕەنگ ببەستن بۆ ڕاکێشانی سەرنجی منداڵ، چونکە دەرگای زانیاریی بەرانبەر دەکرێتەوە و پەروەردەکار دەتوانێت باشتر ئامانجەکەی بپێکێت، هەروەها دەتوانێت پەیوەندی لە

نێوان بابەتەکان و زانیاری و کۆمەڵێک کارەکتەر بەیەکەوە ببەستێتەوە.

**دووەم**: لە رێگەی گەمە و یارییەوە، بە مەبەستی گەشە و پێدانی توانای جووڵە و دەربڕینی هەستەکان و رەوشت و دیسپلین، هەروەها بۆ بەهێزبوونی پەیوەندییەکان و توانای بیرکردنەوە، داهێنانی زیاتر دەبێت و زیاتریش فێری رووداوی کەوتن و ئازار و کاری تیم دەبێت، جگە لەمانەش، چێژبینینی سروشتی منداڵ بۆ یاریی.

ئەو دوو خاڵە، پێویستییەکانی هەست و ئارامی و ئاسوودەیی لای منداڵ فەراهەم دەکەن، هەروەها فێربوون و وەرگرتنی زانیاری و سەربەخۆیی و باوەڕبەخۆبوون و متمانە... پێویستیشە ناوبەناو ستایشی کارەکانیان بکرێت. جگە لەوەش، کاری بە کۆمەڵ، هاوڕێیەتی و یەکترقبوڵکردنیان لا مەبەست دەبێت، پرسیار و وەڵامیان لا دروست دەبێت، فێری گوێگرتن دەبن، توانای جووڵەیان بەهێز دەبێت و فێری بەکارهێنانی ئامراز و ئامێرە سادەکان دەبن، تەرکیزیان وردتر دەبێت، فێری گەورە و بچووکی و رێزگرتن دەبن و پەیوەندیی واژەیی لەگەڵ هاوڕێ و مامۆستاکانیان دروست دەکەن.

**سێیەم**: منداڵ نابێت لۆمە بکرێت تەنانەت لەسەر کردارێکی نەرێنییش، بەڵکوو دەبێت بە رێگەی

پەروەردەی سەردەم کردارەکەی بگۆڕدرێت بۆ کردارێکی ئەرێنی.

**چوارەم:** منداڵ لە تەمەنی باخچەی ساوایاندا سەرنج دەدات لە ماڵەوە و باخچەی ساوایان و کۆمەڵگە بەگشتی، دەوروبەری پڕە لە تەکنەلۆژیا و دەبینێت چەند کارئاسانی کردووە و چەند کاریگەریی هەیە لە ژیانی رۆژانەدا. ئەم پێشکەوتنە خێرا و فراوانەی تەکنەلۆژیای سەردەم، بووەتە پێویستییەکی حەتمی بۆ پێداچوونەوە و داڕشتنەوەی بابەتەکانی خوێندن بەجۆرێک ئەو لایەنە فەرامۆش نەکرێت، بەڵکوو سوودی لێ ببینرێت لە راهێنان و بەڕێوەبردنی سیستمی خوێندن و بەکارهێنانی لە دامەزراوەکانی پەروەردەدا بە شێوەی جیاواز و قۆناغ بە قۆناغ.

**پێنجەم:** لە قۆناغی باخچەی ساوایان، گۆڕانکاری لە هەستکردن، گەشەی تێگەیشتن، فراوانیی خەیاڵ، خۆپاراستن، داواکردنی هاوکاری، چارەسەری کێشە، توانای دەربڕین، هێنانەوەی بەڵگە و بەکارهێنانی هەستەکاندا دروست دەبن، وەریدەگرن و هەندێک جار دەیانگۆڕن و لە یادەوەرییاندا هەڵی دەگرن و هەر کاتێک پێویستیان بوو بەکاریان دەهێننەوە، بۆیە دەبێت ئاگاداری ئەو هەموو

گۆڕانکارییانە بن و تێگەیشتن و زانیاریی هەبێت لەبارەیانەوە.

**شەشەم:** بەپێی سروشتی منداڵ، ئارەزوویەتی هەرچی فێری دەبێت و بۆی باس دەکرێت و دەیبینێت، تاقی بکاتەوە و بە کردار بیسەلمێنێت، بۆیە دەکرێت پەروەردەکارەکان هەندێک لەو تاقیکردنەوانە پراکتیک بکەن، چونکە هەندێک جار منداڵ لە تاقیکردنەوەی خەڵکی ترەوە فێر دەبێت.

**حەوتەم:** بایەخدان بە زمان و زمانی گفتوگۆ و هەندێک وشەی گرنگ، ئەرکێکی بنەڕەتیی باخچەی ساوایانە.

**هەشتەم:** تۆڕێکی پەیوەندییان هەبێت لە ڕێگەی ئامێرەکانی پەیوەندی و گەشت و چالاکیی هاوبەش ڕێک بخەن و بگەڕێن بەدوای چالاکییەکانی هونەری پەروەردەکردندا، وەک: شوێنی پێچاوپێچ و هێڵکاری، ڕەنگەکان، شێوەکان، جیاوازییەکان، جەستە، ڕێنمایی بۆ منداڵان... بەیەکەوە ئەنجام بدەن.

**نۆیەم:** چاندنی گیانی نەتەوایەتی و دروستکردنی کەسایەتیی نیشتمانپەروەرە لە ڕێگەی شیعر و گۆرانی و باسکردنی وڵات و هاوڵاتیبوونەوە.

بۆ ئەم مەبەست و ئامانجانە، دەبێت پەروەردەکاران راهێنانیان پێ بکرێت دەبارەی چۆنیەتی سوودبینین لە شێوازی پەروەردەی سەردەم و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا، لەگەڵ ئەوەش، خۆشیان هەوڵ بدەن داهێنان بکەن و یارمەتیی یەکتری بدەن بۆ پەیڕەوکردنی باشترین شێواز و تاقیکردنەوەکانی خۆیان.

## دەروازەی چوارەم

# چەند بابەتێکی گرنگی پەروەردەیی

## نەهێشتنی نەخوێندەواری

نەهێشتنی نەخوێندەواری، مانای گەشەپێدانی توانای خوێندنەوە و نووسینە، توانای گەشەپێدانی پەیوەندیی زمانەوانی و بەکارهێنانی هێماکان، یاخود پیتە چاپکراوەکان، یاخود ئەلکترۆنییەکان.

بەپێی لێکۆڵینەوەی توێژەران، دوو تیۆری سەرەکی هەیە بۆ ئەم بابەتە، یەکێکیان پەیوەستە بە پێشکەوتنی شارستانیەتەوە و دەڵێت: نەهێشتنی نەخوێندەواری، بەرزکردنەوەی توانا و لێهاتوویی تاکە، بۆ ئەوەی بتوانێت لەگەڵ پێشکەوتنی شارستانیەت ڕێگەی خۆی بدۆزێتەوە. تیۆری دووەم، تەواو پێچەوانەی تیۆری یەکەمە و دەڵێت: نەهێشتنی نەخوێندەواری، کارێکە لەسەر ئایدۆلۆژیا و بەپێی باری کۆمەڵایەتی دەگۆڕێت، نموونەش لەسەر ئەمە دەهێننەوە دەڵێن: نموونەی ئایدۆلۆژیایی بوار دەدات کە شێوازی جۆراوجۆری جیاواز بەکار بهێنن بۆ قەڵاچۆکردنی نەخوێندەواری، لە خوێندنەوە و نووسین تا بەرزکردنەوەی ئاست و تواناکان هەموویان.

## چەمکی نەهێشتنی نەخوێندەواری

زۆرینەی نەخوێندەواران، لە قۆناغەکانی ژیانیان بەرەو پێش ناچن بەراورد بە هاوڕێ خوێندەوارەکانیان و ناتوانن لە بازاڕی کاردا کاری باش بدۆزنەوە و

ئەنجامی بدەن. ڕێژەی نەخوێندەواری لە هەر وڵاتێک بەرز بێت، ئەوا ئەو وڵاتە ناتوانێت کێبڕکێی ئابووریی بکات لەگەڵ ئەو وڵاتانەی ڕێژەی خوێندەوارییان لە ئاستێکی بەرزدایە.

چەمکی نەشارەزایی لە نووسین و خوێندنەوە، بەپێی کۆمەڵگە و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای زانستی هاتووەتە پێشەوە و گۆڕانکارییان بەسەردا هێناوە، لە هەندێک وڵاتی پێشکەوتوو، ئەگەر کەسێک نەزانێت کۆمپیوتەر بەکار بهێنێت، یاخود ڕۆشنبیر نەبێت، شارەزای بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا نەبێت، نەخوێندەواری خوێندەوارن، بە واتای؛ بڕوانامەی زانکۆی هەیە، بەڵام بنەما سەرەکییەکانی نووسین و خوێندنەوە بەباشی نازانێت.

لە لای ئێمە بەو کەسە دەوترێت نەخوێندەوار کە تەمەنی لە ١٠ ساڵ تێپەڕیبێت و هێشتا نەچووبێتە بەر خوێندن، یاخود نەیتوانیوە ئاستێکی لە خوێندن و نووسین هەبێت کە بتوانێت:

١. بڕگەیەک لە ڕۆژنامەیەک بەخێرایی بخوێنێتەوە و لێی تێبگات.

٢. بەشێوەیەکی گونجاو نەتوانێت بڕگەیەک بنووسێت کە گوزارشت لە راوبۆچوونی خۆی بکات.

٣. بابەتێک بنووسێت بەبێ هەڵەی ڕێنووس.

٤. نەتوانێت ژمارەکان بخوێنێتەوە و بنووسێت و پێویستییەکانی ژیانی رۆژانـەی خۆی بەئەنجام بگەیەنێت.

**گرنگیی نەهێشتنی نەخوێندەواری:**

١. سـەرەتـایـەکـە بۆ دەستپێکردنی وەرگرتنی زانیارییەکان دەربارەی ژیان.

٢. هۆکارێکی گرنگە بۆ زاڵبوون بەسەر هەژاری و کەمکردنەوەی رێژەی منداڵ.

٣. هۆکارێکە بۆ بەدەستهێنانی گەشەی بەردەوام و بنیاتی ئاشتی و ئارامی و دیموکراسیەت.

٤. یەکسانیی نێوان هـەردوو رەگـەز جێگیرتر دەکات.

٥. فێرخواز بەئاگا دەبێت لە زۆربەی زانیاری و رووداوەکانی رۆژانەی ژیان و پێداویستییەکان.

٦. دەتوانێت لەگەڵ سەردەمدا خۆی بگونجێنێت.

٧. پارێزگاری لە ژینگە دەکات.

**ئامانجەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری و فێرکردنی گەورەساڵ:**

**یـەکـەم: ئامانجە کۆمەڵایەتییەکان:** بـڵاوکـردنـەوەی زانیاریی لە نێوان نەخوێندەوارەکان لە کاتی چوونە بەر خوێندن و شارەزاکردنیان بە ماف و ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی خێزان.

**دووەم: ئامانجە ئابوورییەکان**: فێرکردنی بەشداربووان بە هەندێک لێهاتوویی کار و شارەزاکردنیان و پێدانی زانیاری بۆ ئەوەی بتوانن هەم پەرە بە بەرهەم بدەن و هەمیش سەرمایەی تاک بەرز بێتەوە و ئاستی ئابووری زیاد بکات و بواری ژیانیان خۆشتر بکات.

**سێیەم: ئامانجە سیاسییەکان**: هاندانی بەشداربووان لە ژیانی سیاسی و بەرزکردنەوەی ئاستی زانیارییان بە ماف و ئەرکەکانیان و شیکردنەوەی بارودۆخی سیاسی.

**چوارەم: ئامانجە تەندروستییەکان**: بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی تاک لەسەر جۆری خواردنی تەندروست و پارێزگاریی لە تەندروستییان و خۆپاراستن لە نەخۆشییە درمەکان و چاودێریی منداڵان بە شێوازێکی شارستانییانە.

**پێنجەم: ئامانجی رێژەیی**: ئەمە ئامانجە سەرەکییەکەیە، کەمکردنەوەی رێژەی نەخوێندەواری و قەڵاچۆکردنی.

**هەندێک مەرجی سەرەکی هەن بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی نەهێشتنی نەخوێندەواری:**

١. ئارەزوو و خولیای ئەرێنی لای نەخوێندەوار بورووژێنرێت بۆ ئەوەی بە دڵێکی خۆشەوە بەشداری پرۆسەکە بێت.

٢. ڕەچاوی تایبەتمەندی و جیاوازیی نێوان بەشداربووان بکرێت.

٣. ڕەچاوی ئاستی بەشداربووان و توانای وەرگرتن و ئامادەبوونیان بکرێت.

٤. لەگەڵ تیۆرییەکانی فێرکردن و خوێندن بگونجێن.

٥. لەگەڵ گۆڕانکارییەکان و پێشکەوتن هەرکات پێویست بکات، بگونجێن.

**لەم سەردەمەدا نەزانیی (ئومی) پۆلێن کراوە بۆ چەندین جۆر:**

**یەکەم: نەزانیی سیاسی:** نەشارەزایی لە بابەتە سیاسییەکان لەگەڵ ئەوەی خوێندەواریشە.

**دووەم: نەزانیی ڕۆشنبیری (ناڕۆشنبیر):** لەگەڵ ئەوەی کەسەکە خوێندنیشی تەواو کردووە، بەڵام ڕۆشنبیر نییە و لە زۆر بواردا کاڵفامە.

**سێیەم: نەزانیی کۆمەڵایەتی (الامیة الاجتماعیة):** نەزانی و کەمیی زانیاری دەربارەی کێشە کۆمەڵایەتییەکان.

**چوارەم: نەزانیی تەندروستی (الامیة الصحیة):** کەمیی زانیاری دەربارەی بوارەکانی تەندروستی و هۆکاری نەخۆشییەکان و خۆپاراستن و چارەسەرەکان.

**پێنجەم: نەزانیی ئابووری (الامیة الاقتصادیة):** نەزانیی دەربارەی بوارەکانی ئابووری لە ئاستی خێزان و ناوچەیی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی.

**نەهێشتنی نەخوێندەواریی کەشوهەوا و ژینگە:**

هەرچەندە نەهێشتنی نەخوێندەواری وەک چەمکێک بەکار دێت بۆ فێرکردنی بنەما سەرەکییەکانی خوێندن و نووسین و لە هەندێک زماندا پێی دەڵێن: "پیت هەڵوەشاندن"، وەک بنەمایەکە بۆ پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکان، بەڵام نەهێشتنی نەزانیی دەربارەی کەشوهەوا و ژینگە، چەمکێکی تازەیە و لە ناوەڕۆکەکەیدا پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و سروشتە. مرۆڤ ئەستەمە بتوانێت بە خۆشەویستی و ڕێزەوە لەگەڵ ئەو بابەتانەی لێیان تێناگات مامەڵەیەکی دروست بکات.

نەهێشتنی نەزانیی دەربارەی کەشوهەوا و ژینگە، بابەتێکە ٣٥٠ ڕێکخراوی ١٠٠ دەوڵەت ئەوانەی واژۆیان لەسەر ڕێککەوتنی کەشوهەوای پاریس کردووە؛ داوایان کردووە بەپەلە کار بکەن بۆ دانانی بابەتی کەش و ژینگە و بکرێتە بابەتێکی سەرەکی لەنێو پرۆگرامی خوێندندا. زانیاریی راستییە زانستییەکان و هەموو بابەتەکانی سروشت و سەرچاوەکان، کاریگەرییەکانی تێکچوونی هاوسەنگیی پێکهاتەکانی سروشت، هۆکارەکانی پیسبوون و کەمبوونەوەی سەرچاوە سروشتییەکان بەهۆی چالاکییەکانی مرۆڤ و هەڵە بەکارهێنان و کاریگەرییان لەسەر گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا...

ئەمانە و چەندین بابەتی گرنگی تری ژینگەیی بەپێی قۆناغ و ئاستی خوێندن دابڕێژرێن، گرنگە بۆ بنیاتنانی نەوەیەک بتوانێت بە شێوازێکی دروست مامەڵە لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا بکات و داهاتوو و بەردەوامیی بەدەست بهێنێت، ئەمانەش لە ڕێگەی ڕاستکردنەوەی هەڵسوکەوتی نادروستی تاک و کاریگەریی نەرێنییان لەسەر سیاسەتی گشتی.

ڕاستە بابەتی پەروەردەی ژینگە و کەشوهەوا تازە نییە، بەڵام داوا دەکرێت کە بکرێت بە بابەتێکی سەرەکی و لەسەر ئەرزی واقیع جێبەجێ بکرێت، هەوڵ بدرێت چالاکیی بکرێت بۆ گواستنەوەی زانیارییەکان لە خوێندکارەوە بۆ خێزان و دواتریش بۆ کۆمەڵگە بەگشتی.

لەو بابەتە ژینگەییانەی ئێستا لە زۆر وڵات هەیە و لە کوردستانیش پەیڕەو دەکرێن، زۆربەیان لەسەر جوانیی سروشت و پیسبوون و پاکی و چاندنی درەخت و هەندێک بابەتی لاواز و سادەن، ڕاستە ئەم بابەتانەش گرنگن، بەڵام نەیانتوانیوە بچنە ناو قووڵایی گۆڕانکارییەکان لە کەشوهەوا و کارەساتە سروشتییەکان و جۆرەکانی زیادەڕۆیی لە بەکارهێنانی سەرچاوە سروشتییەکان، هەروەها زانیاریی کەم دەربارەی پەیوەندیی ژینگە و ئاسایشی خۆراک و ئابوورییەکی سەوز هەیە،

دەبێت زانیاریمان دەربارەی ئاڵنگارییەکانی ژینگە خۆجێیی و ناوچەییەکان لە کەمیی ئاو و وشکانی و پیسبوونی هەوای شارەکان، پیسبوونی ئاو، دارمانی ناوچە سروشتییەکان بە خاک و ئاژەڵ و زیندەوەر و رووەکەکانیانەوە پەرە پێ بدەین، هەروەها زانیاریی گۆڕانکاری لەسەر ئاستی دنیا و زیانی بەرزبوونەوەی ئاستی ئاو لە دەریاکان بەهۆی گۆڕانکاری لە کەشوهەوا، زانیاری دەربارەی جۆری بایۆلۆژی و سەرچاوەکانی وزەی ژێر زەوی ناوەکی (ئەتۆمی) و وزەی پاکی جێگرەوە و دۆستی ژینگە زیاتر بکەین. لەگەڵ ئەوەش، هەوڵ بدرێت بۆ ئیدارەدانی پاشماوەکان و شێوازی سەردەمییانە بۆ بەکارهێنانی ئاوی پاک و بەکارهێنانەوەی ئاوی پیس و ئاوی ئاوەڕۆکان و چارەسەرکردنیان پەیڕەو بکرێت، هەروەها پیسبوون بەهۆی ئامرازەکانی گواستنەوە و فراوانبوونی شار. لەسەر ئاستی جیهانییش، گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا و توێژی ئۆزۆن، بەبیابانبوون، یاساکانی ژینگە و رێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی جیهان دەربارەی ژینگە و پەیوەندیی مافی مرۆڤ و ژینگە... ئەمانە و دەیان بابەتی تری گرنگ پێویستە ببن بە بابەتی سەرەکی و بخرێنە نێو پرۆگرامی خوێندنەوە.

**پەروەردەی خوێندکاری خاوەن پێداویستیی تایبەت**

منداڵی خاوەن پێداویستیی تایبەت؛ بەو منداڵانە دەوترێت لە هەندێک رووەوە لەگەڵ منداڵانی ئاسایی جیاوازییان هەیە، لەبەر ئەمەش، پێویستیان بە یارمەتی و پەروەردەی تایبەت و جۆرێکی جیاواز لە چاودێریی تایبەتە. لەبەر ئەوەی لە رووی ئاوەزی و جەستەیی و کۆمەڵایەتییەوە جیاوازن، پەروەردە و فێرکردنی ئاسایی لەگەڵ جۆرەکانیان ناگونجێت.

**جۆرەکانی خاوەن پێداویستیی تایبەت:**

١- ئەو حاڵەتانەی سەرنجیان لاوازە و زیاد لە پێویست چالاکن و فرەجووڵەن.

٢- ئەوانەی لە رووی ئاوەزەوە کێشەیان هەیە.

٣- ئەوانەی کێشەی جووڵە و هەڵچوونی دەروونییان هەیە.

٤- ئۆتیزم.

٥- نابینا.

٦- کەڕولاڵ.

٧- ئەوانەی توانا و زیرەکییەکی نائاساییان هەیە.

٨- کەسانی زۆر بەهرەمەند.

**پەروەردەی تایبەت (Special Edyction):**

کۆمەڵێک بەرنامەی پەروەردەییە، تایبەتە بە

خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان بۆ ئەوەی هاوکار و یارمەتیدەریان بێت تواناکانیان بەهێز بکەن بە رەچاوکردنی جیاوازیی پێداویستییەکانیان لە رووی (جەستەیی، دەروونی، کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی)یەوە. چەمکی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان تەنیا بە جۆرەکانی کەمئەندامێتی ناوترێت، بەڵکوو بە منداڵی زۆر زیرەک و بلیمەت، زۆر بەتوانا، ئەو منداڵانەی کە لە تاراوگەن و ئاوارەن، یاخود منداڵی کەمنەتەوایەتی و کەمایەتییە ئایینییەکانیش دەوترێت.

**ئامانجەکانی پەروەردەی تایبەت:**

– کۆکردنەوەی زانیاریی دەربارەی ئەو خوێندکارانەی پێویستیان بە پەروەردەی تایبەت هەیە، دەستنیشانکردنی رێژەی کەمئەندامییان بەپێی هەندێک جۆر لە ئامێر و پێوەری زانستی.

– دۆزینەوەی بەهرە و پەرەپێدانی تواناکانی هەر منداڵێک و بایەخدان بە هەر بەهرەیەک کە دەتوانرێت وەبەرهێنانی تێدا بکرێت.

– ئامادەکردنی بەرنامەی فێرکردنی تایبەت.

– ئامادەکردنی شێوازی وتنەوەی وانە بۆ هەر جۆرێک لەو جۆرانە بەپێی جیاوازییەکانیان.

– ئامادەکردنی ئامرازەکانی وانەوتنەوە و فێرکردنی تایبەت و هاتوچۆ.

– ئامادەکردنی بەرنامەی تایبەت بە خۆپاراستن لە کەمئەندامبوون.

**جیاوازییەکانی نێوان پــەروەردەی تایبەت لەگەڵ پەروەردەی گشتی:**

– بایەخ بە چینێکی دیاریکراو لە تاکی نائاسایی دەدات.

– پیادەکردنی پرۆگرامێکی تایبەت بە هەر جۆرێکیان.

– شێوازی وتنەوەی وانە، تاکییە.

– ئامرازەکان و ئامێرەکانی فێرکردن تایبەتمەندن بە جۆری پێداویستییەکانیان.

**مێژووی سەرهەڵدانی پەروەردەی تایبەت**

لە سەدەی نۆزدەیەمەوە فەرەنسا دەستی کرد بە بایەخدان بەو جۆرە پەروەردەیە، دواتر لە وڵاتانی تری ئەوروپا و پاشان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. یەکەم جۆر لە خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان کە بوونە جێی گرنگیپێدان، نابینا و نابیستەکان بوون، پاشان جۆرەکانی کەمئەندامیی هزری و فرەجووڵە بوونە جێی گرنگیپێدان.

**بەرنامەکانی پەروەردەی تایبەت، لە سەرەتاوە بەم شێوە هەرەمییە دەستی پێ کرد:**




**سەنتەری مانەوەی تەواو** (**بەردەوام**):

کۆنترین پرۆگرامی پەروەردەی تایبەتە، لە سەرەتای جەنگی جیهانیی یەکەمەوە دانراوە. خزمەتگوزاریی تەندروستی و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی پێشکەش دەکرد. رێگەیان دەدا بە کەسوکاریان لە بۆنە جیاوازەکاندا سەردانیان بکەن. تا ئێستاش لە زۆر شوێن لەو جۆرە پرۆگرامە پیادە دەکرێت، بەتایبەتییش بۆ هەندێک لەو جۆرە خاوەن پێداویستییە تایبەتانەی کە ئەستەمە لەماڵەوە چاودێری بکرێن.

**ئەو رەخنانە لەم جۆرە سەنتەرانە دەگیرێن:**

- جیاکردنەوەی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان لە کۆمەڵگە و ژیانی سروشتی و خێزانی.
- وەک جەستەیەکی نامۆ لەناو کۆمەڵگە سەیر دەکرێن.
- کەمیی ئاستی خزمەتگوزاری و پەروەردەیی.
- کەمیی بودجەی تەرخانکراو بۆ سەنتەرەکان.

**سەنتەری پەروەردەی تایبەت بە رۆژ:**

ئەم سەنتەرە وەک پەرچەکردارێک بەهۆی رەخنەی زۆر لە سەنتەری مانەوە دروست بوو، لەم سەنتەرانەدا منداڵەکان خزمەتگوزاری و پەروەردەی کۆمەڵایەتی بۆ ماوەی نیو رۆژ وەردەگرن.

باشیی ئەم سەنتەرانە لەوەدایە کە بواری پەروەردەی تایبەتیان هەیە و لە کەشی سروشتیی خێزانیش دوور ناکەونەوە.

**رەخنەکان:**

- خراپیی شوێنی مانەوەیان لە رۆژدا.
- کەمیی شارەزایانی بواری پەروەردەی تایبەتی جیاواز.
- بوونی ئاستەنگ لە گواستنەوەی منداڵەکاندا.

- زۆربەی کات پۆلەکان بۆ خوێندکاری ئاسایی دابین کراون.

**پۆلی تایبەت لە نێو خوێندنگەکان:**

ئەم جۆرەشیان، بەهۆی ئەو رەخنانەی رووبەڕووی سەنتەری پەروەردەی رۆژانە بوونەوە، دروست بوو. ئامانجی ئەم جۆرە پرۆگرامە، ئەوەیە کە منداڵە نائاساییەکان تێکەڵی و بواری زیاتریان دەبێت لەگەڵ خوێندکارە ئاساییەکان، هەروەها نزیکن لە کەشی گشتیی ئەکادیمی و کۆمەڵایەتی و خوێندنگە گشتییەکانەوە.

**رەخنەی لەم جۆرە پرۆگرامە:**

- بوونی ئاستەنگ لە گواستنەوەیان لە پۆلە تایبەتەکانەوە بۆ پۆلە گشتییەکان.
- دانانی بابەتی هاوبەش و جیاواز بۆ خوێندکارە ئاسایی و تایبەتەکان.

**تێکەڵکردنی ئەکادیمیی (پێکەوەبەستن):**

ئەم جۆرە لە پەروەردەی تایبەت، بەهۆی ئەو رەخنانەی رووبەڕووی پۆلی تایبەتی نێو خوێندنگە گشتییەکانەوە کرانەوە، دانراوە.

**گرنگیی ئەم شێوازە بۆ پێشکەوتنی پرۆگرامەکانی پەروەردەی تایبەت، خۆی لەم خاڵانەندا دەبینێتەوە:**

- نەهێشتنی ئەو رەخنانەی لەسەر جۆرەکانی تری پەروەردەی تایبەت هەبوون.

– بواری خۆگونجاندن لەگەڵ کۆمەڵگە، زیاترە.

– بواری پەروەردەی گونجاو زیاترە بۆ فێربوون.

– بواری پەروەردەیی بۆ ژمارەیەکی زۆرترە لەو کەسانەی خاوەن پێداویستیی تایبەتن.

– چاککردنی ئەو تێڕوانینە نەرێنیانەی دەربارەی پەروەردەی تایبەت هەبوون.

**کەموکوڕییەکان:**

– نەبوونی شارەزایانی پەروەردەی تایبەت لە خوێندنگە گشتییەکان.

– کێشەی بەڕێوەبەرەکان لە وەرگرتنی منداڵی نائاسایی.

– کێشەی گەیاندنی بابەتەکانی خوێندن لە پۆلە ئاساییەکان بۆ خوێندکارە نائاساییەکان.

– کێشەی پلانی مامۆستاکان بۆ گشتی و تاک.

– زیادبوونی کێشەی پەراوێزخستنی کۆمەڵایەتی لە نێوان منداڵە ئاسایی و نائاساییەکان.

**هەندێک پێشنیار بۆ سەرخستنی بیرۆکەی خوێندنگە گشتییەکان:**

- هەوڵدان بۆ ئامادەکردنی مامۆستاکان بۆ ئەوەی بە چاوێکی یەکسان و ئەرێنی سەیری منداڵی خاوەن پێداویستیی تایبەت بکەن.
- هەوڵدان بۆ زیادکردنی ژمارەی ئەو مامۆستایانەی وانە بە منداڵانی خاوەن پێداویستیی تایبەت دەڵێنەوە.
- لە کاتی پێگەیاندنی مامۆستایان لە دامەزراوەکان، خولی تایبەت و وانەی تایبەت بەو بوارانەیان هەبێت.
- لە کاتی ڕاژەدا مامۆستای خوێندنگەکان خولی تایبەتیان بۆ بکرێتەوە.

**تێکەڵکردنی کۆمەڵایەتی:**

قۆناغی تێکەڵکردنی کۆمەڵایەتی، قۆناغی کۆتاییە لە قۆناغەکانی پێشکەوتنی پرۆگرامی پەروەردەی تایبەت بۆ خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان.

**لایەنی ئەرێنیی ئەم ئاراستەیە بۆ خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان:**

- تێکەڵکردنیان لە بواری کار.
- تێکەڵکردنیان لە نیشتەجێ.

**هەندێک پرس و کێشەی پەروەردەی تایبەت:**

شارەزایانی بواری پەروەردەی تایبەت پێیان وایە کە:

- ئەو بوارە لە زۆر رووەوە پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە.

- ئامێری نوێ و پێشکەوتوو فەراهەم کراوە بۆ پێوانە و دەستنیشانکردنی جۆر و رادەی کەمئەندامی.

- زۆرێک لە پرۆگرامەکانی پەروەردە و فێرکردن گەشەی بەرچاویان بەخۆیانەوە بینیوە.

- شێوازی وانەوتنەوە پێش کەوتووە.

- تەکنەلۆژیای سەردەم و پێشکەوتوو سوودیان لێ دەبینرێت وەک ئامرازی فێرکردن.

- یاسا و رێنمایی باشتر دەرکراون بۆ بەرژەوەندیی خاوەن پێداویستیی تایبەت.

- پرۆگرامی ئەکادیمیی زانکۆکان و ئەو پرۆگرامە نێودەوڵەتییانەی بایەخ بە پەروەردەی تایبەت دەدەن، گەشەیان پێ دراوە.

سەرەڕای ئەو خاڵە ئەرێنییانەی لە سەرەوە کە ئاماژەم پێ کردوون، هێشتا ئەو بوارانە پێویستیان بە گەشەی زیاتر و توێژینەوە و لێکۆڵینەوە و تاقیکردنەوە هەیە، دەبێت بایەخی زیاتریان پێ بدرێت، چونکە بایەخدان بە خاوەن پێداویستییە

تایبەتەکان و ئامادەکردنیان بۆ ژیانێکی شایستە، یەکێکە لە پێوەرەکان بۆ هەڵسەنگاندنی کۆمەڵگەیەکی مرۆڤدۆست.

ئەو ئەرکە زانستی و کردارییانەی تاکوو ئێستا بۆ پەروەردەی خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان لە هەرێم بەکار دەهێنرێن، نەیانتوانیوە بە شێوەیەکی شارستانیانە پێداویستییە مرۆییەکانی ئەو منداڵانە فەراهەم بکەن و پێویستە رووبەڕووی ئەو گۆڕانکاری و ئاڵنگارییانە ببینەوە کە لە پێشکەوتنی زانستی و تەکنەلۆژی، شۆڕشی پەیوەندییەکان و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و جیهانگیریدا بەدی هاتوون، هەروەها هەوڵ بدرێت پێداویستییەکان بۆ هەر جۆرێکیان بەتایبەتمەندییەکانیانەوە فەراهەم بکرێت؛ بەمەرجێک بگونجێت لەگەڵ جۆری پێداویستییەکانیان و لابردنی کۆسپەکان لەبەردەمیان.

چاودێریی منداڵانی خاوەن پێداویستیی تایبەت، تەنیا خوێندن و نووسین و زانستە سەرەتاییەکان نییە، بەڵکوو دەبێت فێر بکرێن چۆن خۆیان لەگەڵ کۆمەڵگە بگونجێنن و سەربەخۆیی خۆیان هەبێت و توانای زاڵبوونیان بەسەر گرفتەکاندا هەبێت دوور لە چاودێری و پشتبەستن بە کەسوکاریان، لە هەمان کاتدا راهێنان و خولی تایبەت بۆ کەسوکارە نزیکەکانیان بکرێتەوە و لە رادەی پێویستییەکانیان

ئاگادار بکرێنەوە، چونکە قەبارەی ئەم کێشەیە بچووک نییە؛ بەپێی پێوەرە جیهانییەکان، دوو ڕێژە دانراوە، کەمترینیان لە سەدا سێ لە ڕێژەی دانیشتوان خاوەن پێداویستیی تایبەتن و زۆرترینیشیان لە سەدا دە لە ڕێژەی دانیشتوانە. ئەگەر ڕێژەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان شەش ملیۆن بێت، ئەوا بە کەمترین ڕێژەیان، ژمارەیان ٢٠٠ هەزارە و بە زۆرترینیشیان ٦٠٠ هەزار کەس خاوەن پێداویستیی تایبەتن و پێویستیان بە پەروەردەی تایبەت هەیە.

# ئامادەییە پیشەییەکان

ئامادەییە پیشەییەکانی سەر بە وەزارەتی پەروەردە، بە زمانی ئینگلیزی پێیان دەوترێت “Vocational Education” واتە (فێرکردنی پیشەیی)، ئەو جۆرە خوێندیە کە خوێندکار بۆ کارێکی تایبەت ئامادە دەکات و دەبێتە شارەزا لەو بوارەدا. چەندین بواری جیاوازی هەیە و راستەوخۆ بە بازاڕی کارەوە پەیوەستە، یاخود کارێکی فەرمانبەریی.

لەو جۆرە ئامادەییانە زۆرن و بەشی جیاوازیان هەیە، لەوانە:

١. پیشەسازی، چەندین بەش لەخۆ دەگرێت: (کارەبا، ئەلکترۆنی، میکانیک، چاککردنەوەی ئامێرەکانی کۆمپیوتەر و مۆبایل، ئامێرەکانی گەرمکەرەوە و ساردکەرەوە، ئامێرەکانی پزیشکی، دارتاشی، دیزاین...)

٢. کشتوکاڵ و باخداری.

٣. بازرگانی.

٤. پەرستاری.

٥. کاری دەستی و دیزاین (زێڕ و زیو، جلوبەرگ).

٦. جوانکاری.

٧. پەروەردەی ماڵداری.

٨. ئوتێل و گەشتوگوزار.

٩. سکرتاریەت (کارگێڕی).

١٠. رێستۆرانت و خۆراک.

هەندێک جار ئەو ئامادەییانە وەک پەیمانگەی کەرتی تایبەتن، بەڵام مۆڵەت لە وەزارەتی پەروەردە وەردەگرن ئەگەر لەسەر هەمان شێوازی خوێندنی فەرمیی وڵاتەکە بڕۆن.

**لایەنە ئەرێنییەکانی ئامادەییە پیشەییەکان:**

١. پشتبەخۆبەستن لە تەمەنێکی کەم و هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی.

٢. وەرگرتنی زانیاریی دەربارەی بابەتێک کە خولیا و حەز و ئارەزووی کەسەکەیە.

٣. هەلی کاری ئاسانتر دەست دەکەوێت و سەرکەوتووتر دەبێت بەراورد بە نەشارەزایەک.

٤. مووچەیەکی باشتری دەبێت بەراورد بە کەسێکی نەشارەزا.

٥. ئەگەر لە دامەزراوەیەکی کەرتی گشتیدا دانەمەزرێت بۆ ئەوەی کاری تێدا بکات، دەتوانێت سەرەتا لە دامەزراوەی کەرتی تایبەت کار بکات.

٦. تێچوویەکی کەمتری دەوێت و لەسەر ئابووریی خێزان زۆر ناکەوێت.

٧. زۆربەی کات فێرخواز کەسێکی دەسترەنگینی لێ دەردەچێت.

**لایەنە نەرێنییەکانی ئامادەییە پیشەییەکان:**

١. لەلایەن دەوڵەت و دامەزراوە گەورەکانەوە هاوشێوەی دەرچووانی هەمان پیشە لە زانکۆکان بایەخ بە دامەزراندنیان نادرێت.

٢. خێزان کەمتر بایەخ بەو جۆرە خوێندنە دەدەن و خوێندنی ئەکادیمییان بەلاوە پەسەندترە.

٣. فێرخوازانی ئەو جۆرە ئامادەییانە لەناو هاوڕێ و خوێندکارانی تر و خێزانیاندا بە تێڕوانینێکی نەرێنییانە سەیر دەکرێن و پێیان وایە خوێندکاری کەمتوانا دەچنە ئەو شوێنانە.

٤. ئەو جۆرە ئامادەییانە بەهۆی تایبەتمەندێتیانەوە پێویستە بەردەوام ئامێر و کەرەستە و پێداویستیی نوێ و سەردەمیانەیان بۆ دەستەبەر بکرێت، بۆ ئەوەی فێرخوازان بتوانن لە بازاڕی کاردا کاریان پێ بکەن، ئەمەش بۆ ئەو وڵات و شوێنانەی ئابوورییان لاوازە و کێشەیان هەیە، تێچوویەکی زۆریان دەوێت و دابینکردنیان ئەستەم دەبێت.

**کەموکوڕییەکانی ئامادەییە پیشەییەکان:**

١. شێوازی خوێندنیان بەجۆرێکە کە خوێندکار لە قاڵب دەدەن و گوێ بە شێوازە سەردەمییەکان نادەن بۆ پێگەیاندن و گەشەپێدانی فێرخوازانیان و تا ئێستا خوێندن لەو ئامادەییانەدا سەردەمییانە نییە.

٢. نەبوونی هەماهەنگی و هاوکاریی لە نێوان وەزارەتـەکـان و دامـەزراوەکـان بۆ ئـەوەی هەلی کاریان زیاتر بێت و نەبوونی پلانێکی گونجاو بۆ ئەو جۆرە هەماهەنگییە.

٣. نەبوونی وەرشـەی سـەردەمییانە و ئامێرە گرنگەکان بۆ ڕاهێنانیان، لەم حاڵەتەشدا خوێندکار و مامۆستاش زیاتر مـاندوو دەبـن و کەمتریش سوودمەند دەبن.

٤. کەمیی مامۆستای شارەزا لە بوارە گرنگەکان و سەردەمییەکان.

٥. هێشتنەوەی ئەو جۆرە بەشانەی کە ئیتر بازاڕ پێویستی پێیان نەماوە، یاخود دەزانن لە داهاتوودا پێویستیان پێیان نامێنێت.

٦. کەمیی ئەو شوێنانەی ڕاهێنانیان تێدا دەکرێت.

٧. تا ڕادەیەک لە ئامانجەکانیان لایان داوە.

٨. هەندێک جار بـازاڕ پێویستی پێیانە، بەڵام وەرگـرتنیـان ئەستەمە بەهـۆی ڕوانـگـەی خەڵک بەرانبەر ئاستی شارەزاییان.

٩. بۆ هەر بوارێک دەبێت لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی بازاڕ هەبێت، بۆ نموونە؛ بزانن بازاڕ پێویستی پێیانە یاخود بازاڕیان لەکزییدایە. ناکرێت بە بێ لێکۆڵینەوە بەردەوام خوێندکار وەربگیرێت و کۆمەڵێک گەنج تەنیا بڕوانامەیەکیان هەبێت بەبێ ئەوەی کاریان بۆ

دەستەبەر بکرێت.

١٠. بڕوانامەکانیان لە زۆربەی وڵاتانی دەرەوە لە ئاستی بڕوانامەکەی خۆیاندا هەژمار ناکرێن، بۆیە ئەستەمە بتوانن کاری پێ بکەن.

١١. ئەم جۆرە خوێندنە لە زۆربەی وڵاتان بووە بە کەرتی تایبەت.

١٢. شوێنی ڕاهێنانیان لە ناو کۆمپانیا گەورە و بچووکەکاندا کەمن.

١٣. نەیانتوانیوە لەگەڵ تەکنەلۆژیای سەردەم و پێشکەوتن خۆیان بگونجێنن.

## دەروازەی پێنجەم

# راپۆرتی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی بواری پەروەردە

## ئەو پێوەرانەی دامـەزراوە پەروەردەییە نێودەوڵەتییەکان بەکاریان دەهێنن بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی خوێندن لە وڵاتـان

هەمووماں کۆکین لەسەر ئەوەی ئاستی خوێندن بابەتێکی گرنگە، بەڵام دەبێت بزانین ئاستی باشە چییە؟ چۆن پێناسەی دەکەین؟ بەهۆی ئەوەی خوێندن بـەردی بناغەی گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی دادەنرێت، بەشێوەیەکی گشتی لەلایەن رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی پەیوەست بەو بوارە، وەک: بانکی نێودەوڵەتی، رێکخراوی یونسکۆ، بەرنامەی نەتەوە یەکگرتووەکانی گەشەکردن (UNDP)، رێکخراوی هاوکاریی ئابووریی و گەشەپێدان (OECD)... چەندین پێوەری بۆ دیاری کراوە و هەموو ئەم لایەنانە راپۆرتی خۆیان لەوبارەیەوە بڵاو کردووەتەوە.

### راپۆرتی بانکی نێودەوڵەتی:

بانکی نێودەوڵەتی لە راپۆرتی خۆیدا سەبارەت بە وڵاتە عەرەبییەکان دەڵێت: لەسەر وڵاتان مەرجە بایەخی زۆر و گرنگی بدەن بە کاری هەڵسەنگاندنی ئاستی خوێندن، چونکە ئەوە بنەمایە بۆ بەدیارخستنی ئاستی بەرەوپێشچوون و بەردەوامیی ئاستی خوێندن و لەپێناو باشکردنی خاڵە لاوازەکـان و رێککاریی بابەتی و یەکگرتوو بیگردرێنە بەر، هەروەها پێویستە

خوێندنگەکان ڕەچاوی مەرجەکانی بازاڕی کێبڕکێ بکەن و هەموو کەسێک بەیەکسانی بتوانێت هەلی خوێندنی دەست بکەوێت.

**ڕاپۆرتی (UNDP)**

سەبارەت بە ئاستی خوێندن لە عیراق، (UNDP) لە ڕاپۆرتی خۆیدا مەرجی بۆ دانـاوە و لەپێناو ئامانجەکانی گەشەی بـەردەوامـدا، دەبێت عیراق جێبەجێیان بکات.

لە ڕاپۆرتەکەدا باس لەوە دەکات؛ خوێندن ئاشتی فەراهەم دەکات، پەروەردە و خوێندنی باش، دەبێتە هۆکار بۆ دۆزینەوەی هەلی کار بۆ گەنجان بە کوڕ و کچەوە لە بواری گشتی و تایبەتیدا، ئەمەش دەبێتە هۆکار بۆ ئاشتەوایی نێو خێزان و کاریگەریی لەسەر ئاشتیی کۆمەڵایەتی و سیاسییش دەبێت. هەروەها خوێندن بواری پشتبەخۆبەستن بەرز دەکاتەوە و پێویستییەکی سەرەکییە بۆ چارەسەری هـەژاری و نایەکسانی و گـۆڕانـکـاری لـە کـەشـی گشتیی کۆمەڵایەتی لە هەموو بوارەکاندا.

**ڕاپۆرتی یونسکۆ**

بەپێی ڕاپـۆرتـی یونسکۆ، عیراق پێش شەڕی کەنداوی یەکەم لە ساڵی ١٩٩١، باشترین سیستمی

خوێندنی لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەبووە، رێژەی ئەوانەی ناونووس کرابوون بۆ خوێندنی سەرەتایی، لە سەدا سەد بووە، بەڵام ئێستا، خوێندن و فێربوون لە ئاستێکی زۆر خراپدایە، ئەویش بەهۆی ناکۆکی و ناجێگیری باری سیاسی و ئەمنی، داعش و ئاوارەبوون و نەبوونی وەبەرهێنانێکی سیستماتیکی بەردەوام لە بواری پەروەردەدا.

ئەم دۆخەی عیراقی تێدایە، بەتایبەتییش لەو ناوچانەی رووبەڕووی کێشەی ناوخۆیی بوونەتەوە، وەک: موسڵ و دیالە، مایەی نیگەرانییە. نیوەی ئەو منداڵانەی ئاوارە بوون بەهۆی شەڕی ناوخۆ و داعشەوە، کە تەمەنی خوێندنیان هەیە، مەزەندە دەکرێن بە سێ ملیۆن و پەنجا و پێنج هەزار کچ و کوڕ و پشکی زۆری بەر کچان کەوتووە، کە بواری خوێندنیان بۆ نەڕەخساوە، بەشێکیشیان تووشی گرفتی دەروونی بوون و تا ئێستاش بەشی زۆری کێشەی ئاوارەبوون چارەسەر نەکراوە.

بەپێی هەمان راپۆرت، لە هەر دوو خوێندنگەیەک، یەکێکیان پێویستی بە نۆژەنکردنەوە هەیە، دوو دەوامی لە زۆربەی خوێندنگەکاندا هەیە، ئەمە جگە لە گرفتی نەبوونی کەلوپەلی خوێندن و ئامێرە سەردەمییەکان... لە راپۆرتەکەدا ئاماژە بەوەش کراوە کە لە قۆناغە سەرەتاییەکان و بنەڕەتییەکاندا

ڕێژەی دەرچوون لە سەدا نەوەد و دووە لە خوێندنی بەیانیان، خوێندنی ئێوارانیش لە سەدا حەفتا و دووە. بەهۆی کەمیی بودجەی ساڵانەی تەرخانکراو بۆ بواری پەروەردە، ناتوانرێت چارەسەری کێشەکان بکرێت، هەروەها ژێرخانی عیراق بەگشتی و بەهۆی شەڕ و ناکۆکییە یەک لە دوای یەکەکان، تووشی داڕمان هاتووە. زۆربەی ڕاپۆرتەکان باس لە ڕێگەچارەش دەکەن، بە دانانی ستراتیژ و پلانێکی تۆکمەی کورتخایەن و درێژخایەن و سەردەمییانە، کە لەگەڵ پێوەرە نێودەوڵەتییەکان بگونجێت و ببێتە مایەی چاککردنی ژێرخانی پەروەردە بۆ ئەوەی لەگەڵ گەشەی بەردەوام و یەکسانی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی و پێکەوەژیاندا بگونجێن.

### داڤۆس و پەروەردەی عیراق:

جێگەی داخە، لە ساڵی ٢٠٢١ بەهۆی دابەزینی ئاستی خوێندن، عیراق نەگەیشتە پێوەرەکانی داڤۆس، کە ئەمەش مایەی بێهیواییە لە دەسەڵات کە بەرپرسی سەرەکییە لەو دۆخە خراپەی خوێندن.

### جیاوازیی ئاستی کەرتی پەروەردە

کاتێک باس لە فێربوون دەکەین، جیاوازیی نێوان دنیای گەشەکردوو و پێشکەوتوو زۆرە، لەگەڵ

ئەوەی بە شێوەیەکی گشتی لە وڵاتانی گەشەکردوو چوونە بەر خوێندن ڕێژەکەی بەرز بووەتەوە، بەڵام گرنگیی خوێندن، تەنیا ئامادەبوون نییە لە پۆلدا، بەڵکوو چی فێر دەبێت و چەند کات لەناو خوێندنگە بەسەر دەبات، ئەو بۆشاییە زۆرە لە نێوانیان. هێشتا عیراق سەد ساڵ لە دواوەی وڵاتە پێشکەوتووەکانە. لە وڵاتە هەژارەکانیش، هێشتا ئاستی خوێندن لە سەدەی بیست و یەک، هاوشێوەی خوێندنە لە وڵاتە ڕۆژئاواییەکان لە سەدەی بیست. ئەگەر بەم شێوەیە بڕوات و چاک نەکرێت، ئەم بۆشاییە زیاتر فراوان دەبێت.

لە وڵاتە پێشکەوتووەکان ڕێژەی ناوەڕاستی ساڵانی خوێندن لای گەنجان، نزیکەی دوازدە ساڵە، بەراورد لەگەڵ شەش ساڵ و نیو لە وڵاتانی تازەگەشەکردوو. ئایا دەتوانین ئەو بۆشاییە نەهێڵین؟ ئایا نموونەی جیاواز هەیە بتوانین پەلە بکەین لەو گۆڕانکارییانە، وەک چۆن مۆبایل و تەکنەلۆژیای سەردەم بۆ کاری ڕۆژانە بەکار دەهێنین، ئایا دەتوانین بەهەمان شێوە بۆ خێراکردنی پێشکەوتن لە بواری پەروەردەشدا بەکاریان بهێنین؟ لە وەڵامدا دەڵێین: بۆ ئەم مەبەستە پێویستمان بە چەندین نموونە و توێژینەوە هەیە.

**ئەو وڵاتانەی بە باشترین سیستمی خوێندن دانراون بۆ ساڵی ٢٠٢٠**

بەریتانیا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، ئوستralیا، هۆڵەندا، سوید، فەرەنسا، دانیمارک، ئەڵمانیا، کەنەدا، ژاپۆن، کۆریای باشوور... لە وڵاتە عەرەبییەکانیش، ئیماراتی عەرەبی.

بۆ ساڵی ٢٠٢٢: ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، بەریتانیا، ئەڵمانیا، کەنەدا، فەرەنسا، سویسرا، ژاپۆن، ئوستralیا، سوید، هۆڵندا...

دەبینین ئەم دەوڵەتانە، بەپێی پلە پاش و پێش دەکەن، بەڵام زۆربەی کات لە هەڵسەنگاندندا نزیکن لە یەکەوە. هۆکاری پێشکەوتنی سیستمی فێرکردنی ئەو دەوڵەتانە، بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە، لەوانە: ئەو بودجەیەی کە ئەو دەوڵەتانە بۆ هاوکاریی دامەزراوەکانی فێرکردن دابینی دەکەن، هەم بۆ خوێندن، هەمیش بۆ توێژینەوە زانستییەکان، بەپێی ژمارەی دەرچووانی زانکۆ و بەدەستهێنانی (خەڵاتی نۆبڵ)، باشیی ئاستی فێرکردن و رادەی پێشکەوتن و رۆیشتنی لەگەڵ پێشکەوتنی زانستی و تەکنەلۆژی، بەرزیی ئاستی زانکۆکانیان لەسەر ئاستی جیهان و چەندین هۆکاری تر.